Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.5.10

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Najm Khalid Najmuldeen Alweni
alwaninajm5@gmail.com

# دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕۆمانی (شەوانی ئادەم)دا

**نەجم خالد نجم الدين ئەڵوەنی/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر ، هەرێمی کوردستان،عێراق

RECEIVED :28 /11/2024
ACCEPTED :27/02/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

## پوختە

دیالۆگ بەشێکی گرنگی پێکهاتەی ڕۆمانە و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەتەواوی توخمەکانی دیکەی گێڕانەوەوە هەیە. ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و باری دەروونیی کارەکتەرەکان و هەروەها کات و شوێنی ڕووداوەکانی ژیانی ئەوان پیشان دەدات. لەبەر ئەوەی جۆرەکانی دیالۆگیش زۆرن و لق و پۆپی جیاوازیان لێدەبێتەوە، بۆیە ئێمە ئەم توێژینەوەیەمان بۆ باسکردنی دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆ تەرخانکردووە، بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەش ڕۆمانی (شەوانی ئادەم)ی (بەیان سەلمان)مان هەڵبژاردووە، چونکە پەیوەندی بە زۆربەی کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانەوە هەیە و لە هەمان کات دا خەسڵەتێکی گرنگ لە خەسڵەتە هونەرییەکانی ئەم ڕۆمانەی پێکهێناوە.

**وشە سەرەکییەکان:**
دیالۆگ، جۆرەکانی دیالۆگ، دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆ، بەیان سەلمان، شەوانی ئادەم.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی:

لەم توێژینەوەیەدا، بە دوو تەوەر و چەند لقێک باسی دیالۆگمان بە گشتی و دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆمان بە تایبەتی لە ڕۆمانی (شەوانی ئادەم)دا کردووە. لە تەوەری یەکەمدا، سەرەتا چەند پێناسەیەکی دیالۆگمان هێناوەتەوە و پاشان باسی گرنگی دیالۆگ و ڕۆڵی دیالۆگ و جۆر و شێوازەکانی دیالۆگمان کردووە، لەگەڵ ئەمانەشدا بە شێوەیەکی تایبەتی تەرکیزمان خستووەتە سەر دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆ، چونکە ئەمەیان کاکڵەی توێژینەوەکەمان پێکدەهێنێت. لە تەوەری دووەمدا، کە لە دوو لق پێکهاتووە، یەکەمان تەرخانکردووە بۆ باسی ناوەرۆک و بونیاتی هونەریی ڕۆمانەکە و ئاماژەمان بەوەداوە، کە ئەم ڕۆمانە کۆمەڵێ بابەتی جۆراوجۆری لە خۆگرتووە وەک شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال و شەڕی نێوان ئێران و عێراق و شەڕی ناوخۆ، و کۆمەڵێ بابەتی کۆمەڵایەتی و دەروونی و هونەری ...هتد. هەرچی پەیوەندی بە لقی دووەمەوە هەیە، ئەوا تەرخانکراوە بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی چەندین نموونەی دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆی کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە. بێجگە لەو تەوەرانە، لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجام و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان دا خراونەتە ڕوو.

## پرسیاری توێژینەوەکە

پرسیاری گەوهەری لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە: ئایا دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆ لەم ڕۆمانەدا هەتا چەند توانیویەتی وەک جۆرەکانی دیکەی دیالۆگ وێنەی کەسایەتی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و دەروونیی کارەکتەرەکانمان پیشان بدات...؟ هەروەها دەمانەوێ بزانین بۆ ئەم جۆرە دیالۆگە ناتوانێت ئاستی دراميی دەق بەرەو پێش بەرێت لە کاتێکدا بەخۆی بەرهەمی ئەو ڕووداوانەیە، کە لەم ڕۆمانەدا باسکراون...؟

## گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە دەیەوێت لەڕووی بونیاتی هونەری و بونیاتی واتاییەوە باسی ڕۆڵ و ئەرکی دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەخۆ لە وێنەکێشانی کەسایەتی ڕۆشنبیری و کۆمەڵاتی و دەروونیی کارەکتەرەکانی سنووری توێژینەوەکەمان بکات، کە گێڕەوەی هەمووشتزانی ڕۆمانەکە دەرفەتی نەداون بە زمانی خۆیان بدوێن و باسی تێڕامان و تێگەیشتنی خۆیان بۆ کێشە و گرفتەکانیان دوور لە دەسەڵات و سێبەری ئەو گێڕەوەیە بکەن، هەروەها لایەنێکی دیکەی گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە دەیەوێت ئەوە ساغ بکاتەوە، کە ئەم جۆرە دیالۆگە ڕۆڵی لە دامەزراندنی فرە شێوازی لە بونیاتی هونەریی دیالۆگ لەم ڕۆمانەدا هەیە.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە سوودمان لە تیۆری گێڕانەوە وەرگرتووە و لە چوارچێوەی ڕەخنەیەکی شیکاریدا کارەکەمان ئەنجام داوە، بۆ ڕێکخستنی پەراوێزیش پەنامان بۆ سستمی هارفارد بردووە و لە نووسیندا پەیڕەوی ڕێنووسی ئەکادیمیای کوردیمان کردووە.

## یەکەم: گرنگی دیالۆگ لە ڕۆمان دا

دیالۆگ پێکهاتەیەکی گرنگی ڕۆمانە و پەیوەندییەکی بەهێزی بە تەواوی توخمەکانی ڕۆمانەوە هەیە، وەک کارەکتەر و ڕووداو و شوێن و کات. لەناو ڕۆماندا ڕۆڵێکی باڵای لە ناساندنی هزری کارەکتەر و باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئاستی دەربڕینی ئەواندا هەیە. شان بە شانی گێڕانەوە، ڕیتمی دەق ڕێک دەخات، بەدواداچوون بۆ جووڵەی کارەکتەر و پەرەسەندنی ڕووداوەکان دەکات و گەیاندنی بەشێکی گرنگی چەمکەکان لەڕێی ئەم هونەرە جێبەجێ دەکرێت، هەروەها پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە زمانی کارەکتەرەکانەوە هەیە و ڕۆمان نییە، کە دیالۆگی تێدا نەبێت.

لقی یەکەم: پێناسەی دیالۆگ

لە فەرهەنگی زاراوەکاندا، بە چەندین شێوە پێناسەی دیالۆگ کراوە، هەروەها لە تیۆری ڕۆمان و ڕەخنەی ڕۆماندا، بایەخێکی زۆر بە دیالۆگ و جۆرەکانی دیالۆگ و پێناسەی دیالۆگ دراوە. بۆ نموونە لە (فەرهەنگی زاراوەکانی ڕەخنەی ڕۆمان)دا، بەم جۆرە پێناسەی ئەم هونەرە کراوە:((دیالۆگ نواندنی ئاڵوگۆڕی سەرزارییە، ئەم نواندنەش ئەوە دەخوازێت،

ئاخاوتنی کارەکتەرەکان دەقاودەق لەناو کەوانە دابنرێت))(زیتوني: 2002، ص79). لەم پێناسەیەدا تەنیا جەخت لەسەر دیالۆگی دەرەکی ڕاستەوخۆ کراوەتەوە، هیچ ئاورێک لە دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆ نەدراوەتهوە، کە ئەمیش جۆرێکە لە دیالۆگی کارەکتەرەکان، بەڵام لەڕێی خودی ئەوانەوە ڕاستەوخۆ پێشکەش ناکرێت، چونکە گێڕەوەی دەقەکە بە زمان و شێوازی ئاخاوتنی خۆی لە باتی ئەوان ئەم پرۆسەیە بەڕێوە دەبات، هەروەها دیالۆگی ناوەکیش، کە بە مۆنۆلۆگ ناسراوە، لەم پێناسەیەدا پشتگوێخراوە، کە ئەویش چەند جۆرێکی دیکە لە خۆی دەگرێت وەک خۆدواندن و فلاشباک و تەداعی ئازاد.

لە فەرهەنگی(زاراوەکانی گێڕانەوە)دا، باسی سروشتی دیالۆگ کراوە و وەک پێناسەکەی پێشوو، جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە، کە لە دیالۆگ دا دەبێ دەقاودەق ئاخاوتنی کارەکتەرەکان بێ دەستکاری پێشکەش بکرێت. لەم فەرهەنگەدا هاتووە: ((دیالۆگ لە سروشتدا پیشاندانێکی دراماتیکی ئاڵوگۆڕی سەرزاری نێوان دوو کارەکتەر یان زیاترە. لە دیالۆگ دا ئاخاوتنی کارەکتەرەکان وەک خۆی، بەو جۆرە پێشکەش دەکرێت، کە گریمانە دەکرێت...))(برنس: 2003، ص59). لەم پێناسەیەشدا، هەمان ئەو جۆرانەی دیالۆگ باس نەکراون، کە لە لێکدانەوەی پێناسەی پێشوودا ئاماژەمان پێ کردوون.

لە پەرتووکی (کلیلی زاراوەکانی شیکردنەوەی گوتار)دا، گوتراوە: ((ئەم زاراوەیە - دیالۆگ – بە چەندین شێوە بەکارهێنراوە، لەوانەیە بە پێچەوانەی خودواندنەوە، ئاماژە بێت بۆ هەر ئاڵوگۆڕێکی ئاخاوتن لە نێوان دووکەسدا))(مانغونو: 2008، ص37). لەم پێناسەیەدا، جیاوازی نێوان دیالۆگی دەرەکی ڕاستەوخۆ، و خۆدواندن خراوەتە ڕوو، چونکە ئەگەر دیالۆگی دەرەکی ڕاستەوخۆ بریتی بێت لە ئاخاوتنی ڕاستەوخۆی نێوان دوو کارەکتەر، ئەوا خۆدواندن ئاخاوتنی یەک کارەکتەرە لەگەڵ خۆیدا. ئەوەی لەم پێناسەیەدا تێبنی دەکرێ، ئەوەیە، کە لێرەشدا، جگە لە بەراوردی نێوان دیالۆگی دەرەکی ڕاستەوخۆ، خۆدواندن، ئاماژە بە جۆرەکانی دیکەی دیالۆگ نەکراوە، بەتایبەتی دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆ، کە بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەی ئێستامانە.

لە چەندین توێژینەوە دەربارەی بونیاتی دەقی ڕۆمان و بونیاتی دیالۆگ لە ڕۆماندا، چاومان بە چەند پێناسەیەکی دیالۆگ دەکەوێت، کە جەخت لەوە دەکەنەوە دیالۆگ ئاخاوتنی نێوان دوو کارەکتەر یان زیاترە. بۆ نموونە گوتراوە: ((دیالۆگ شێوازێکی ئاڵوگۆڕی ئاخاوتنە لە نێوان دوو ئاخێوەر یان زیاتردا، دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو بە ئامانجی گەیشتن بە ڕاستی لەڕێی گۆشەنیگای جیاوازەوە))(عزيزي: 2015-2016، ص12). لەم پێناسەیەدا باسکردنی بابەت لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، ئاماژەیە بۆ دیاردەی فرەدەنگی، کە چەمکێکی (باختین)یە، ئەمەش لە چاو پێناسەکانی دیکەدا، خستنەڕووی بابەتێکی نوێیە، کە لە پێناسەکانی پێشوودا ئاماژەی پێ نەکراوە، لەگەڵ ئەوەش دا ئەم پێناسەیە وەک ئەوانی پێشوو، جۆرەکانی دیکەی دیالۆگ، بە تایبەتی دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆی لە خۆ نەگرتووە، چونکە وەک گوتمان ئەگەر دیالۆگی دەرەکی ڕاستەوخۆ، ئاخاوتنی نێوان دوو کارەکتەر بێت بێ دەستێوەردانی گێڕەوەی هەمووشتزان، ئەوا دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆ بە زمان و شێوازی گێڕەوە پێشکەش دەکرێت و تایبەتمەندییەکانی زمان و شێوازی ئاخاوتنی کارەکتەرە ئاخێوەرەکان بزر دەبێت. هەروەها هەندێ دیالۆگ تاک گوفتارییە و لەناو ناخی کارەکتەرێک دا دەگوترێت، وەک دیالۆگی ناوەکی ڕاستەوخۆ، یان فلاشباک، یاخود خۆدواندن، کە ئەگەرچی بە دەنگی بەرزیش گوترابێت، بەڵام ئاراستەی هیچ کارەکترێک نەکراوە و کارەکتەری ئاخێوەر تەنیا بۆ خۆی دەدوێت .

توێژەری ئەکادیمیی کورد، بەختیار ئیبراهیم عەزیز، لە پەرتووکی (دیالۆگی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی جەلیل قەیسیدا، بە شێوەیەکی فراوانتر و قوڵتر لەو پێناسانەی پێشتر، لە پێناسەی ئەم هونەرەدا، ئاماژە بە چەندین خەسڵەتی دیالۆگ دەدات و دەڵێت: ((دیالۆگ ئامرازێکی سەرەکییە لە ئامرازەکانی گێڕانەوەی چیرۆک، بەشداری لە وێنەکێشانی کارەکتەردا دەکات، ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و هزریی ئەوان ئاشکرا دەکات، چونکە بەرجەستەکەری ئاخاوتن و جووڵەی ئەوانە، بەمەش ڕەوڕەوەی ڕووداوەکان بەرەو پێش دەبات، و دەهێڵێ دەقی چیرۆک زیندوو، نوێ بێت))(عزيز: 2016، ص9). ئەگەر بەوردی تەماشای ئەم پێناسەیە بکەین دەبینین کوت و مت بۆ ڕۆمانیش دەست دەدات، نەک تەنیا بۆ چیرۆک، ئەگەرچی توێژەری ناوبراو بۆ پێناسەی دیالۆگی ناو چیرۆکی بەکارهێناوە، چونکە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی لەخۆ نەگرتووە وەک کورتی و چڕی، ئەمەش دوو تایبەتمەندین، کە دیالۆگی کارەکتەرەکانی چیرۆک لە دیالۆگی کارەکتەرەکانی

ڕۆمان جیا دەکاتەوە و لە ڕۆماندا دیالۆگەکان بەگشتی درێژتر و فراوانتر و تیرترن لە دیالۆگی ناو چیرۆک.

**دووەم: گرنگی دیالۆگ**

لەبەر ئەوەی دیالۆگ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ گرنگترین توخمەکانی گێڕانەوەدا هەیە، کە ئەویش کارەکتەرە، بۆیە دەبینین لە کێڵگەی توێژینەوە لەبارەی گێڕانەوە، بەتایبەتی لە ڕۆمان دا بایەخێکی بەرچاو، دیار بە باسکردنی دیالۆگ دراوە، چ لە ڕووی بونیاتەوە، چ لە ڕووی چەمک و گەیاندنی زانیاری لەسەر کارەکتەرەکان.

دیالۆگ ڕۆڵێکی گرنگ لە ناساندنی کارەکتەر و ئاشکراکردنی ئاستی ڕۆشنبیری و پیشاندانی ژیانی دەرەکی و ناوەکیی کارەکتەردا دەگێڕێت و ((یەکێکە لە زۆرترین شێوازە باوەکانی دەق و ڕۆڵی لە پێکهاتندا دیارە. زمانی پەیوەندی و لەیەک تێگەیشتنی نێوان کارەکتەرەکانی ڕۆمانە و بۆ پیشاندان و دەرخستنی گوتە و ژیانی ئەوان، ناچارە ڕۆمان پشتی پێ ببەستێت))(عبید: 2021، ص105). کەواتە دیالۆگ زمانی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی زانیارییە، هەروەها ئامرازێکە بۆ ئەوەی کارەکتەر لەوی بەرانبەری تێبگات. نەمانی دیالۆگ، واتە ڕووخانی پایەیەکی سەرەکی دەقی ڕۆمان، هەروەها لەدەستدانی خاسیەتی فرە زمانی، کە یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ناسنامەی ڕۆمان و جیاکردنەوەی لە ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە، بەتایبەتی لە شیعر، چونکە زمانی شیعر بەسەر خۆیدا داخراوە و یەک ئاستی دەربڕینی هەیە و فرە زمانی لە شیعردا جێی نابێتەوە.

دیالۆگ، کە دیاردەیەکی زمانییە، ڕۆڵی هەیە لە ئاشکراکردنی هزری کارەکتەرەکان و هەروەها زۆر گرنگە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ئەوان و دروستکردنی هاوسۆزیی خوێنەر لەگەڵیاندا. دیالۆگ بەگوێرەی جۆری پیشە و تەمەن و ژینگەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و هزریی کارەکتەرەکان دەنووسرێت و دەخرێتە سەر زاری ئەوان، لەبەرئەوە گوتراوە: ((بەگشتی وا تەماشای دیالۆگ دەکرێ، کە ئامرازێکی هونەریی زمانییە و نووسەر پەنای بۆ دەبات بۆ ئەوەی هزری کارەکتەری پێ ئاشکرا بکات و بۆچوونەکانی پیشان بدات و گوتنەکانی ڕێک بخات))(مليكي: 2018، ص17).

کاتێ ڕۆماننووس دیالۆگ بەکاردێنێت، بێ مەبەست و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ئەو کارە ناکات، بەڵکو دەزانێت یەک لە لایەنە گرنگەکانی دیالۆگ ((ئاشکراکردنی هۆش و هزری کارەکتەرە، هەروەها گەیاندنی ئەو هزر و هۆشەیە بە وەرگر))(عزيز: 2016، ص32).

پەیوەندییەکی گرنگ لە نێوان دیالۆگ و ڕووداودا هەیە، ئێمە لەڕێی دیالۆگی کارەکتەرەکانەوە، بەدواداچوون بۆ ڕووداو، و ڕۆڵی کارەکتەر لە ڕووداوەکاندا دەکەین و ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێت، کە چۆن ڕووداو کاردەکاتە سەر باری دەروونیی ئەوان و هزر و هەڵوێستیان دەگۆڕێت.

لەبەر ئەوەی دیالۆگ، زمانی ئاخاوتنی کارەکتەرەکانی ڕۆمانە، بۆیە زۆر پێویستە ڕۆماننووس هزری خۆی نەخاتە سەر زاری ئەوان، بەڵکو تا پێی دەکرێت ڕێ بدات بەخۆیان بدوێن و بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆیان لەڕێی دیالۆگەوە، بیر و بۆچوونەکانیان دەرببڕن و هەڵوێست بەرانبەر بە یەک بنوێنن. کەواتە دەبێت دیالۆگ بە گوێرەی توانای زمانیی کارەکتەرەکان بێت. هەروەها زۆر پێویستە ((زمانی دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان، بە گوێرەی ئاستی هزری و ڕۆشنبیریی ئەوان بێت و ئەوانمان پێ ئاشنا بکات))(ذنون: 2014، ص29).

یەک لە خاسیەتە گرنگەکانی دیالۆگ ئەوەیە، کە کارەکتەر ڕاستەوخۆ، دوور لە دەسەڵات و سێبەری گێڕەوە، ئاخاوتن لەگەڵ ئەوی دیکەدا بکات، بەمەش سیفەتی درامی بە دەقی ئاخاوتنەکە دەدات و ڕێگر دەبێ لەوەی ئامادەبوونی بەردەوامی گێڕەوە، بە تایبەتی گێڕەوەی هەمووشتزان، خوێنەر بێزار بکات و هەردەم وا هەست بکات یەکێک لە نێوان خۆی و کارەکتەرە ئاخێوەرەکاندا هەیە و ناهێڵێت ڕاستەوخۆ گوێی لە قسەکانی ئەوان بێت، لە کاتێکدا زۆر پێویستە پەیوەندی نێوان خوێنەر و کارەکتەرەکان، پەیوەندییەکی گەرم و بێ ناوبڕبێت.

دەبێت دیالۆگ وەک ئاخاوتنی ئاسایی کارەکتەر خاوەنی سروشتی خۆی بێت، هەروەها ((زۆر پێویستە بۆ نووسینی دیالۆگ لە هەر ڕۆمانێکدا، نووسەر بیر لەو کارەکتەرانە بکاتەوە، کە ئاخاوتنی پێ دەکەن. ئایا بە شێوەیەک لە شێوەکان، دیالۆگ بەشێک نییە لە کەسایەتی ئاخێوەر لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە ئاوێنەی ئەو نییە...؟ لەبەر ئەوە پێویستە گونجاو

بێت لەگەڵ ئاست و سروشت و زمان و ڕۆشنبیریی ئەودا، هەر ئەو گوتنەش تەواو دروستە. بە دەربڕینێکی دیکە ئەوە کارەکتەرە، کە دیالۆگ و لەناو دیالۆگیش دا زمانەکەی دیاری دەکات))(کاظم: 2007، ص65).

دیالۆگ زۆر گرنگە بۆ ئاشنابوون بە دۆخی دەروونیی کارەکتەر، گێڕەوە ناتوانێت وەک خودی کارەکتەر، زانیاری لەم بارەیەوە هەبێت، تەنانەت ئەگەر گێڕەوەکە هەمووشتزانیش بێت، لەبەرئەوە زۆجار ناچارە بۆ ئەم کارە سوود لە دیالۆگی دەرەکی و دیالۆگی ناوەکیی ئەوان وەربگرێت بۆ ئەوەی دۆخی دەروونییان ئاشکرا بکات. کەواتە دیالۆگ بە هەموو جۆرەکانییەوە زۆر گرنگە بۆ ڕۆشنایی خستنە سەر جیهانی ناوەوە و ئاشکراکردنی سروشتی دەروونیی کارەکتەرەکان(بڕوانە: خلیل: 2010، ص192) .

دیالۆگ هونەرێکی زۆر گرنگە لە دەقی ڕۆماندا، بۆیە کراوەتە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی ڕۆماننووسی سەرکەوتوو لە ڕۆماننووسی نا سەرکەوتوو. ئەوەتانێ ڕۆماننووسی ناوداری فەرەنسی، ئەندرێ ژید، کە یەکێکە لە ڕابەرانی ڕۆمانی نوێ و نووسەری ڕۆمانی (ساختەکارانی دراو)ە، بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی نووسینی خۆی، دەڵێت: ((ڕۆماننووسی سەرنەکەتوو، کاتێ کارەکتەرەکانی بونیات دەنێت، ئاراستەیان دەکات و دەیانخاتە دواندن، کەچی ڕۆماننووسی سەرکەتوو گوێیان لێ دەگرێت و لەکاتی ڕەفتاکردنندا چاودێرییان دەکات، گوێیان لێ دەگرێت تەنانەت پێش ناسینیان و بەگوێرەی بیستنی قسەکانیان، یان ئەوەی ئەوان لە ئاخاوتندا دەیڵێن، ئەسا ئاشنایان دەبێت))(کاظم: 2007، ص65).

بەگشتی دەتوانین بڵێین دیالۆگ بە هەموو جۆرەکانییەوە، هەوێنی دامەزراندنی ڕووداو، و تەواوکەری کەشی گێڕانەوەی ڕۆمانە، ئەو ڕۆحەیە ڕووداو دەجووڵێنێت و کاەکتەرمان پێ دەناسێنێت و هیچ ڕۆمانێک بەبێ دیالۆگ نابێتە خاوەنی بونیاتێکی تۆکمە .

## سێیەم: ئەرک و جۆرەکانی دیالۆگ

### ا-ئەرکی دیالۆگ:

دیالۆگ لە دەقی ڕۆماندا کۆمەڵێ ئەرک دەگێڕێت، ئەو ئەرکانەش پەیوەندییان بە چۆنیەتیی گوتن و شێوەی ئاخاوتن و ئاستی زمانیی کارەکتەرەکانەوە هەیە. هەروەها لەڕێی دیالۆگەوە جۆری پەیوەندیی نێوان کارەکتەرەکان ڕوون دەبێتەوە .

کارەکتەر دەتوانێت بەهۆی دیالۆگەوە کەسی بەرانبەر بناسێت، و بەگوێرەی ئەمەش دەتوانێت شێوازی پەیوەندیی خۆی لەگەڵدا ڕێک بخات .

ئەگەر هاتوو کارەکتەر لە قەیرانێکی دەروونیدا بوو، ئەوا دیالۆگ دەتوانێت ئەو قەیرانە و هۆکارەکانی ئاشکرا بکات و ڕێی چارەسەریشی پیشان بدات .

لەڕێی دیالۆگەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە کارەکتەر سەر بە چ چینێکی کۆمەڵایەتییە. هەروەها کارەکتەر لەڕێی دیالۆگەوە ناسنامەی نەتەوەیی خۆی، یان ئەوی بەرانبەری ئاشکرا دەکات.

دیالۆگ هۆکارێکی گرنگە بۆ زانینی هزری سیاسیی کارەکتەرەکان و ئاشنا بوون بە شوێن و سەردەمی ژیانی ئەوان.

لە (فەرهەنگی زاراوەکانی ڕەخنەی ڕۆمان)دا، د. لەتیف زەیتوونی، ئاماژەی بە کۆمەڵێ لە ئەرکەکانی دیالۆگ کردووە و دەڵێت، دیالۆگ ڕێ دەدات بە:

-ڕزگاربوون لە چەقبەستنی شێوازی ئەدەبی لەڕێی بەکارهێنانی واژە و شێوازی سینتاکسی و بۆ ئەمەش سوود لە زیندوویەتیی زمان وەردەگرێ.

-هاوسۆزیی نێوان کارەکتەرەکان بەهێز، یان لاواز، یاخود ئاشکرا دەکات.

-فرە جۆریی گۆشەنیگا لە حیکایەتەکەدا بەرهەم دەهێنێ...

-ڕێ دەدات بەوەی لە ڕوانگەیەکی نوێوە تەماشای کارەکتەر بکرێت.

-دەرفەت بەکارەکتەر دەدات، بە جۆرێ گوزارشت لە خۆی بکات، کە تەکنیکەکانی دیکەی ڕۆمان ئەمەی بۆ دەستەبەر ناکەن(بڕوانە: زيتوني: 2002، ص82).

دیالۆگ هۆکارێکە بۆ ئەوەی کارەکتەرەکان لەکاتی ئێستادا بتوانن باسی ڕابردووی خۆیان بکەن و هەروەها زۆرجار لەڕێی

دیالۆگەوە کارەکتەرەکان باسی ئێستا و ئایندەی خۆیان دەکەن.
دیالۆگ ڕۆڵی هەیە لە باسکردنی سۆزی تایبەتیی کارەکتەرەکان دا، وەک سۆزی دڵداری. لەم جۆرە دیالۆگەدا زمانێکی ڕۆمانسی لە ئاخاوتنەکانی ئەوان دا زاڵ دەبێت.
کاتێ ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو پێش دەڕوات، دیالۆگی کارەکتەرەکان ڕۆڵ دەگێڕن لەوەستانی ئەو ڕەوتە و لەڕێی فلاشباکەوە، کە جۆرە دیالۆگێکی ناوەکی ڕاستەوخۆیە ئەو ڕەوتە بەرە و دواوە، بۆ ڕابردوو دەگێڕنەوە .
دیالۆگ ئامرازێکی زۆر گرنگە بۆ سەرهەڵدانی فرە زمانی لە دەقی ڕۆماندا، لەبەر ئەوە نابێت زمانی ئاخاوتنی کارەکتەرەکان لەیەک ئاستی دەربڕیندا بێت، لەمەش دا پیشە و تەمەن و باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕەوشتی و دۆخی دەروونی ڕۆڵی کارایان دەبێت، بۆ ئەوەی جیاوازی لە ئاستی دەربڕینی ئەوان دا دەربکەوێت.
دیالۆگ لە هەموو جۆرێکی ڕۆماندا، سنوورێک بۆ دەستێوەردانی گێڕەوە دادەنێت، تەنیا لە دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆ(گێڕراوە) و دیالۆگی ناوەکی ناڕاستەوخۆ(گێڕراوە)دا نەبێت، کە خودی گێڕەوەی هەمووشتزان بەخۆی ناواخنی ئەو دوو جۆرە دیالۆگە بە زمان و زاراوە و شێوازی خۆی دەگێڕێتەوە.
لەبارەی ئەرک و ڕۆڵی دیالۆگ لە ئاشکراکردنی خەسڵەت و سۆز و ئاستی هزری و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتیی کارەکتەرەکانەوە، د. حەسان ڕەشاد ئەلشامی دەڵێت: ((دیالۆگ لە ڕۆماندا، بەشێکی گرنگ لەشێوازی دەربڕین پێکدەهێنێت، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگ لە ئاشکراکردنی ڕواڵەت و پێشاندانی سۆز و دیاترین خەسڵەتە دەروونییەکان و ئاستی هزری و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتیی کارەکتەردا دەگێڕێت))(الشامي: 1998، ص278).
دیالۆگ ڕووداو دروست دەکات، یان زەمینەی بۆ دەسازێنێت، بەمەش دەتوانێت هێڵی درامیی ڕووداوەکان پەرە پێبدات و لە هەمان کات دا دەرفەت دەدات بە کارەکتەرەکان شان بە شانی گێڕەوە لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا بەشداربن. بەم جۆرە ((دیالۆگ ڕۆڵێکی کارا و دیاری دەبێت لە دامەزراندنی هاوتەریبی لە نێوان گێڕانەوە و کاتی چیرۆک دا))(ذنون: 2014، ص29). مەبەست لەو هاوتەریبییە ئەوەیە، کە لە دیالۆگ دا زەمەنی گێڕانەوە و زەمەنی ڕوودا و لەڕێی گوتنی کارەکتەرەکانەوە هاوتا دەبێت، ئەمەش سیفەتێکی تایبەتیی دیالۆگە، کە پێچەوانەی وەسفە، چونکە لە وەسف دا زەمەنی ڕوودا و بە شێوەیەکی ڕێژەیی دەچێتە خاڵی سیفرەوە، لە کاتێک دا زەمەنی گێڕانەوە درێژە بە خۆی دەدات،. ئەم بۆچوونە دیالۆگی وەسفیش دەگرێتەوە.
لەڕێی دیالۆگەوە، گەوهەری کارەکتەر ئاشکرا دەبێت و ئاخاوتنی ئەوان دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی سیما و ڕواڵەتی گشتی و خەسڵەتەکانیان وەک وێنەیەک لە زەینی خوێنەردا بەرجەستە ببێت. بە واتایەکی دیکە، دیالۆگ بەشداری لە دروست بوونی ناسنامەی کارەکتەر و دیاریکردنی هێڵە سەرەکییەکانی هزری ئەودا دەکات.
دیالۆگ وەک ئامرازێک کاردەکات بۆ ئەوەی خوێنەر قەناعەتی بەکارەکتەرەکان هەبێت، هەروەها هەندێ جار دەتوانێت ڕۆڵی وەسف و گێڕانەوە بگێڕێت(بڕوانە: عزيزي: 2016، ص27-28)، لە پاڵ ئەوانەشدا ڕۆڵی هەیە لە پێدانی سیفەتی واقیعییەت بە ڕووداوەکانی ڕۆمان. مەبەست لە ڕۆڵی وەسف ئەوەیە، کە جاری وا هەیە لەڕێی دیالۆگەوە وەسفی ڕوخسار و شوێنی ژیانی کارەکتەرەکان و شوێنی ڕووداوەکان دەکرێت. ئەم جۆرە دیالۆگە جووڵەی زەمەنی ڕووداوەکان ڕادەگرێت تا ئەو کاتەی وەسف کردنەکە کۆتایی دێت، ئەوەش پەیوەندی بە گێڕانەوەوە هەبێت، ئەوەیە، کە زۆرجار کارەکتەرەکان لەڕێی دیالۆگەوە باسی ژیان و بەسەرهاتەکانی خۆیان دەکەن.
لەبەر ئەوەی کارەکتەرەکانی ڕۆمان نموونەن بۆ کەسانی ڕاستەقینەی نێو کۆمەڵگە، بۆیە کاتێ دەدوێن، خوێنەر هەست بەوە دەکات، کە گوێ لە ئاخاوتنی کەسانێکی زیندوو دەگرێت، نەک کەسانێک خەیاڵی ڕۆماننووسێک بەرهەمی هێناون.

**ب- جۆرەکانی دیالۆگ:**

لەوانەیە کەسانێک هەبن وابزانن دیالۆگ بابەتێکی ئاسایی و ئاسانە و تەنیا بریتییە لە ئاخاوتنی کارەکتەرەکانی ڕۆمان و دەکرێت هەموو ڕۆماننووسێک بە سووکی و بێ خۆماندووکردن هەندێ قسە بخاتە سەرزاری ئەوان، ئەوا بە بۆچوونی ئێمە و بە گوێرەی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستمانە، تەواوی ئەو بیرکردنەوەیە ڕەت دەکەینەوە و باشترین بەڵگەش بۆ

ئەم بۆچوونەمان، جۆرەکانی دیالۆگە، کە لەناوخۆدا چەندین لقی جیاوازی لێ دەبێتەوە و هەر لقێکیش لەو لقانە تایبەتمەندی و شێوازی کارکردنی خۆی هەیە. ئەگەر بەوردی بەدوادا چوون بۆ ئەو تایبەتمەندی و شێوازانە نەکرێت، ئەستەمە پەی بەوە ببرێت، کە دامەزراندنی بونیاتی دیالۆگ لەڕووی هونەری و ناواخنەوە، چەند ئالۆزە و تا چ ڕادەیەک شارەزایی و وردەکاری دەوێت بۆ ئەوەی سنووری نێوان ئەو جۆرە جیاوازانە دیاری بکرێت.

زانایانی بواری گێڕانەوەناسی و بەتایبەتی ڕەخنەگرانی بواری ڕۆمان، جەختیان لەوە کردووەتەوە، کە دەقی ئەدەبی بەگشتی، لەوانەش دەقی ڕۆمان، ((جیهانێکی زمانییە، دیالۆگی نێوان نووسەرێکی ناوەکی و خوێنەرێکی گریمانکراوە {...}. ئەم دیالۆگە زمان بەرهەمی دەهێنێ، وەک ئامرازێک فۆرم و تەلارەکەی دیاری دەکات و وەک میکانیزمێکە بۆ بەرهەمهێنانی واتا))(فاولر: 1997، ص8). بەگوێرەی ئەم بۆچوونە، تەواوی دەقی ڕۆمان، بریتییە لە پرۆسەی دیالۆگی نێوان نووسەرێکی ناوەکی و خوێنەرێکی گریمانکراو. ئەگەر ئەو دیالۆگە نەمێنێ، خودی ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی ئەو بەهایەی نامێنێت. ئەگەریش لە ناوەوەی دەق بچینە دەرەوە، و ئاماژە بە نووسەری دەرەکی دەق بکەین، ئەوا سنووری دیالۆگەکە فراوانتر دەبێ، چونکە ئەو کاتە ڕۆمان دەبێتە ئامرازێک و نووسەری دەرەکی لەڕێی ئەو ئامرازەوە دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ ژمارەیەکی فراوانتر لە خوێنەران، کە پێیان دەگوترێت خوێنەری دەرەکی بە مەبەستی گەیاندنی جیهانبینیی خۆی و گەنگەشەکردنی تێڕوانینی خۆی لەگەڵ ئەوان دا. کەواتە لە بنەڕەت دا ڕۆمان پرۆسەی دیالۆگە لە نێوان ڕۆماننووسێک و خوێنەرەکانی دا. لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە تا چ ڕادەیەک دیالۆگ گرنگە و بۆچی لە بواری گێڕانەوەناسی دا ئەوەندە بایەخی پێدراوە.

پەیوەندی نێوان زمانی نووسەر و زمانی کارەکتەر بەرەو ئەوەمان دەبات، کە باسی جیاوازی نێوان ئەو دوو زمانە لە دیالۆگدا بکەین. لەم بارەیەوە، برنار فالیت، دەڵێت: ((بۆ بەدیهێنانی بونیاتی هونەری لە ڕۆمان دا، دەبێت جیاوازی لە نێوان زمانی کارەکتەرەکانی دەقەکە، و زمانی نووسەرەکەی دا هەبێت، چونکە دەبێت توێژینەوە ئەو جیاوازییە ئاشکرا بکات، یان تا ڕادەیەک لەنێوان زمانی هونەریی نووسین و زمانی کارەکتەرەکان، کە مەرجدارە بە دۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی ئەوانەوە ((موختاري: 2013-2014، ص270). لێکدانەوەی ئەو جیاوازییە، بەلای ئێمەوە، ئەوە دەگەیەنێت، کە نابێت ڕۆماننووس زمانی خۆی بەسەر کارەکتەرە جیاوازەکانی ڕۆمانەکەی دا بسەپێنێت، بەڵکو دەبێت ئەوە بزانێت سروشتی بیرکردنەوە، و ئاستی ڕۆشنبیریی ئەوان جیاوازە و پێویستە بەگوێرەی ئەو جیاوازییە، دیالۆگی ئەوان دابڕێژێ و بیخاتە سەرزاریان.

زۆر پێویستە ڕۆماننووس لە بونیاتی زمانی دیالۆگ دا، ئاشنای باری دەروونیی کارەکتەرەکان بێت و بەگوێرەی کردار، هەڵوێستی ئەوان، ئەو زمانە ڕێکبخات. کارەکتەرێکی قەیراناوی هەرگیز وەک کارەکتەرێکی ئاسایی زمان بەکار ناهێنێ، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لەڕێی زمانی ئەوانەوە ڕۆشنایی بخاتە سەر جیهانی ناوەوەیان و سروشتی دەروونیی ئەوان ئاشکرا بکات، دیالۆگی ناوەکیش(مۆنۆلۆگ)، کە جۆرێکە لە جۆرەکانی دیالۆگی کارەکتەر لەناو خۆیدا، لەم لایەنەوە ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونانە و بە گوێرەی سەرچاوەکانی بواری گێڕانەوە، دەتوانرێت جۆرەکانی دیالۆگ دیاری بکرێ و بەسەر چەند جۆرێک دا دابەش بکرێت. بە گوێرەی سروشت و شێوازی دەرەکی و ناوەکی، جۆرەکانی دیالۆگ دابەشکراون بۆ:

1-دیالۆگی دەرەکی:

أ-دیالۆگی دەرەکی ڕاستەوخۆ

ب- دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆ

ئەمانەش دابەش دەبەن بۆ:

-دیالۆگی سادە

-دیالۆگی شیکاری

-دیالۆگی وەسفی

-دیالۆگی ئاوێته

2 -دیالۆگی ناوەکی(مۆنۆلۆگ):

أ-دیالۆگی ناوەکی ڕاستەوخۆ

ب-دیالۆگی ناوەکی ناڕاستەوخۆ

ج-خۆدواندند

د-فلاشباک(گەڕاندنەوە)

هـ-تەداعی ئازاد

ژیرار ژنێت، بەگشتی دیالۆگی دابەشکردووە بۆ دوو جۆر:

**1-دیالۆگی ڕاستەوخۆ:** ئاخاوتنی کارەکتەرە وەک ئەوەی دەبێت لەڕێی وێناکردنەوە وا بێت، بێ هیچ دەستێوەردانێک لەلایەن گێڕەوەوە.

2-دیالۆگی ناڕاستەوخۆ (گێڕراوە): ئاخاوتنی کارەکتەرە، کە گێڕەوە پێشکەشی دەکات، دەقاودەق نییە. لە چوارچێوەی هەواڵێکی گێڕراوەی دادەنێت، بەمەش کارەکتەر هیچ ڕۆڵێکی سەربەخۆی لە ئاخاوتنەکەدا نابێت))(سويدان: 2006، ص137.(

ئەم پۆلێنکردنە هەموو جۆرەکانی دیکەی دیالۆگ دەگرێتەوە، کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردوون و بریتین لە دیالۆگی دەرەکی و ناوەکی، بێ ئەوەی ئاوڕ لە لقە جیاوازەکانی ئەو دوو جۆرە سەرەکییە بداتەوە .

لەباسی شێوازەکانی دیالۆگ دا، چەندین نووسەر بە کورتی ئاماژەیان بە جۆرە جیاوازەکانی دیالۆگ کردووە. بۆ نموونە لە (فەرهەنگی زاراوە نوێیەکانی ئەدەب)دا، د.سەعید عەلوش، دەربارەی شێوازی ڕاستەوخۆ گوتوویەتی: ((ئەو شێوازەیە، نووسەر بۆ گواستنەوەی ئاخاوتنی نێوان دوو کارەکتەر یان زیاتر بەکاری دەهێنێ، کە بەنۆرە لەنێو خۆیان دا ئاخاوتن دەکەن))(علوش: 1985، ص78).

لەباسی چیرۆکەکانی، عەبدولمەجید لوتفی دا، توێژەری عێراقی، جەمیل کەریم لەفتە ئەلدلیمی، ئاماژەی بە شێوازی ڕاستەوخۆی ئازاد کردووە و دەڵێت: ((لەم شێوازەدا کارەکتەر خۆی دەدوێنێ و ڕاشکاوانە گوزارشت لە هەست و بیرە شاراوەکانی دەکات بێ ئەوەی گریمانەی بوونی گوێگرێ، یان دواندەرێک لە ئارادا بێت، هەروەها گێڕەوە دەستێوەردان لەو دەربرینەدا ناکات. بۆ ئەم شێوازە زاراوەی (مۆنۆلۆگی ناوەکی) بەکار دەهێنرێت و کارەکتەر لە ئاخاوتن دا جێناوی قسەکەر بەکار دەهێنێ))(الدليمي: 2014، ص313-314). هەمان نووسەر، لە هەمان سەرچاوەدا، باسی شێوازی ناڕاستوخۆی کردووە و دەستێوەردانی گێڕەوەی کردووەتە بناغەی جیاوازیی ئەم شێوازە لە شێوازی ڕاستەوخۆ، و دەڵێت: ((ئەو شێوازەیە، کە گێڕەوە ئاخاوتنی کارەکتەرەکان بە زمانی خۆی دادەڕێژێتەوە و بۆ خوێنەری دەگوازێتەوە))(سەرچاوەی پێشوو: ل314). بە گەڕانەوە بۆ پێناسەکەی، ژیرار ژنێت، لە بارەی ئەم شێوازەوە، ئەوا لێرەدا کارەکتەر ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی لە گوتنی دیالۆگەکەدا نامێنێ، و بە بڕوای ئێمەش تەنانەت ناسنامەی زمانیی کارەکتەرە ئاخێوەرەکە تاڕادەیەکی زۆر بزر دەبێت، چونکە گێڕەوە بە شێوازی زمانیی خۆی و بێ ئەوەی دەقاودەق قسەکانی کارەکتەرەکە پێشکەش بکات، ئەو ئاخاوتنە دەخاتە نێو دەقی ڕۆمانەکەوە، لەبەر ئەوەشە ئەم دیالۆگە، دەبێتە دیالۆگێکی گێڕراوە.

جۆرێکی دیکەی دیالۆگ، دیالۆگی ناوەکی ناڕاستەوخۆی گێڕراوەیە، مۆنۆلۆگی ناوەکی گێڕراوەشی پێ دەگوترێت. لێرەدا گێڕەوە بە زمانی خۆی دەربڕینەکانی کارەکتەر سەبارەت بە هەست، یان بیرە شاراوەکانی بە جێناوی (ئەو)ی نادیار پێشکەش دەکات. هەندێ خاڵبەندی وەک نیشانەی سەرسوڕمان و پرسیار و هەندێ وشەی تایبەتی وەک دووبارەبوونەوە، و لابردن، دەخاتە نێو دەربڕینەکانەوە))(رحيم: 2012، ص407). شێوازی پێشکەشکردنی ئەم جۆرە دیالۆگە ناوەکییە، تەواو پێچەوانەی دیالۆگی ناوەکی ڕاستەوخۆیە، چونکە لە دووەمدا زەینی کارەکتەر دەبێتە شانۆی ئاخاوتنەکان، کەچی لە یەکەمدا ناواخنی ئەو زەینە لەڕێی گێڕەوەیەکی هەمووشتزانەوە پێشکەش دەکرێ و بەهای ڕاستەوخۆیی و درامیی ئاخاوتنەکان لەبار دەچێت. لە شێوازی دیالۆگی ناوەکی ڕاستەخۆدا، کارەکتەر بە جێناوی تاکی دیار قسەکانی لەناو ناخی

خۆیدا دەکات، واتە تەواو سیفەتێکی خودییان دەبێت، بەڵام لە ناڕاستەوخۆیەکەدا گێڕەوە بە جێناوی (ئەو)ی نادیار ئەو قسانە دەگوازێتەوە.

خۆدواندن، یەکێکی دیکەیە لە شێوازەکانی پێشکەشکردنی ناواخنی دەروونیی کارەکتەر، بەڵام لەم جۆرە شێوازەدا، دەنگی کارەکتەر دەبیسترێت. واتە دەنگەکە ناوەکی نییە، ئەگەرچی گوزارشت لە ناوەوەی کارەکتەرەکە دەکات. ئەم جۆرە دیالۆگە ((لە شانۆوە وەرگیراوە. کارەکتەر بە دەنگێکی بەرز دەدوێ و لە پێش بینەران بۆ خۆی قسە دەکات. یەک لە ئەرکە گرنگەکانی، ئاشکراکردنی ناخی کارەکتەری قەیراناوییە و بە دوای دەرچەیەکدا دەگەڕێت بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە. دواتر هاتووەتە ناو ڕۆمانەوە و جۆرێکە لە جۆرەکانی مۆنۆلۆگ لەم ژانرەدا))(القاضي: 2010، ص423). لە ڕۆمانی نەریتیدا، ئەوەی بە شێوازی گێڕەوەی هەمووشتزان، گێڕانەوەکەی پێشکەش دەکرێت، پێش دەقی خۆدواندنەکە، گێڕەوە دەستەواژەی (بە دەنگێکی بەرز گوتی، لەگەڵ خۆی دا گوتی) بەکار دەهێنێ و دەقی ئاخاوتنەکە لەناو کەوانەی وەرگرتن دادەنێت.

ڕۆبەرت هامفری، لە پەرتووکی (شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی نوێ)دا باسی جۆرێکی دیکەی لە جۆرەکانی دیالۆگی ناوەکی کردووە، کە ئەویش (تەداعی ئازاد)ە و بەوە لە مۆنۆلۆگی ناوەکی جیای کردووەتەوە، کە ئەم جۆرە گوێگری هەیە، لە کاتێکدا (مۆنۆلۆگی ناوەکی ڕاستەوخۆ هیچ گوێگرێکی نییە، چونکە ئاخاوتنەکە تەنیا لەناو ناخی کارەکتەرەکەدا دروست دەبێت. هەروەها (تەداعی ئازاد) لە ڕووی ڕۆنانەوە ڕستەکانی پەیوەندییەکی پتریان پێکەوە هەیە((بڕوانە: همفري: 1975، ص56). جیاوازیی سەرەکی نێوان دیالۆگی دەرەکی ڕاستەوخۆ، دیالۆگی ناوەکی ڕاستەوخۆ لەوەدایە، کە لەیەکەم دا دوو کارەکتەر یان زیاتر ڕاستەوخۆ پێکەوە دەدوێن و بابەتێکی دیاریکراو لە گۆشەنیگای جیاوازەوە باس دەکەن، کەچی لە دیالۆگی ناوەکی ڕاستەوخۆدا، کە خۆدواندن و تەداعی و فلاشباکیش دەگرێتەوە، کارەکتەر تەنیا لەناوخۆی دا بۆ خۆی دەدوێ بێ ئەوەی کارەکتەرێکی دیکە، ڕاستەوخۆ بەشداری لەو ئاخاوتنەدا بکات.

پاش ئەوەی باسی جۆرەکانی دیالۆگمانکرد، پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین، کە لەم توێژینەوەیەدا ئێمە تەنیا باسی دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕۆمانی (شەوانی ئادەم)دا دەکەین. سەرجەم باسەکانی دیکە پێویست بوون بۆ ئەوەی بتوانین بە وردی ئەم جۆرە دیالۆگە لە ڕووی بونیات و ئەرک و ڕۆڵەوە لەوانی دیکە جیا بکەینەوە و بزانین لەم ڕۆمانەدا چۆن بەکار هاتووە .

## دووەم: ناوەڕۆک و بونیاتی هونەریی و دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕۆمانی (شەوانی ئادەم) دا

### 2-1 : کورتەیەک دەربارەی ناوەڕۆک و بونیاتی هونەریی ڕۆمانەکە

بیرۆکەی سەرەکی ئەم ڕۆمانە باسکردنی ژیان و باری دەروونیی چەند کارەکتەرێکی دیاریکراوە، کە بەهۆی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران و شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال و شەڕی ناوخۆی نێوان هەندێ لە پارت و ڕەوتە سیاسییەکانی کورد لە باشووری کوردستان، هەڵهاتوون و ڕوویان لە ناوچە دوورە دەستەکان کردووە بۆ ئەوەی ئاگری ئەو شەڕانەیان پێ نەگات.

نووسەری ئەم ڕۆمانە زۆر بەوردی و بە ئاگاییەوە ناواخنی ئەم ڕۆمانەی داڕشتووە، پەیکەری گێڕانەوەکەی زۆر ئاڵۆزە. ڕووداوەکان، دوور لە شێوازی زنجیرەیی، بە شێوەیەکی هونەری بەسەر جەستەی دەقەکەدا پەرتکردووە و دەبێت خوێنەر پاش خوێندنەوە، سەرلەبەری ئەو ڕووداوانە لە زەینی خۆیدا داڕێژێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی ڕووداوەکان پێکەوە ببەستێ و ڕێکی بخاتەوە. ئەمە لەلایەک و لە لایەکی دیکەوە ڕۆماننووس لە ناونانی کارەکتەرەکاندا گەمەیەکی زۆر وردی لەگەڵ خوێنەردا کردووە، بەگوێرەی شوێن و ڕووداو، و هەڵوێست و باری دەروونی، ناوی ئەوانی گۆڕیوە، یان ئازادی پێداون ئەم کردارە بنوێنن. لەم ڕۆمانەدا سێ کارەکتەر ناویان ئادەمە، دوویان مرۆڤن و ئەوی دیکە تاژییەکی سەرگەردان و بێ خاوەن و بێ شوێنە، پێدەچێت خاوەنەکەی بەر ئەنفال کەوتبێت و خانووەکەی وێران کرابێت. مەردۆخ، کە لە دەست شەڕی ناخۆ هەڵهاتووە لە نزیک گۆڕێک چاوی پێدەکەوێ و هەر لەوێ دەبنە هاوڕێی یەکتر و مەردۆخ ناوی لێدەنێت ئادەم و دواتر لە خانووی ژنەکان جێی دەهێڵێ.

ئادەم، خەڵکی شارە و لە ترسی گرتن و بردن بۆ بەرەکانی شەڕی عێراق و ئێران، شار بەجێدەهێڵێت و لە ناوچەیەکی

دووره دەست، لە شوێنێکی سەختی شاخاوی، خانوویەک دروست دەکات و بە تەنیا ژیان بەسەر دەبات. کاتێ ئێوارەیەکی درەنگ شەش ژن، کە لەترسی شالاوەکانی ئەنفال هەڵهاتوون، دەگەنە لای ئەو، لەسەرەتای خۆ بەیەک ناسیندا بەوان دەڵێت بە ناوی (وەستا) بانگم بکەن. دوای ئەوەی عاشقی یەک لەو ژنانە دەبێت، کە ناوی سەکینەیە و ئەو ژنەش لەبەر کچەکانی خۆی، کە یەکێکیان هەرزەکارە و ئەوی دیکەیان وەک کچەکانی مەندانی خوشکی، دەزگیرانەکانیان بەر ئەنفال کەتوون، ناتوانێت زوو بەڵێنی هاوسەری پێ بدات و داوای لێ دەکات دەرفەتی بداتێ بۆ ئەوەی بەکاوەخۆ بیر بکاتەوە، ئادەم ئەو خانووەیان بۆ بەجێدەهێڵێت و لە شوێنێکی دوورتر لەوان خانوویەکی گەورترە دروست دەکات و چاوەڕێی هەواڵێکی ئەو ژنە دەبێت.

لە خانووی دووەمی ئادەمدا، بێجگە لە خۆی دوازدە پیاوی دیکە لەوێ دەژین و بە هەموویان دەگوترێت (ژینۆ). لەو ژینۆیانە کە هەموویان جلی کوردی ڕەنگ وەنەوشەیی دەپۆشن، تەنیا دوانیان بەشداری لە ئاخاوتندا دەکەن و دەنگیان لە دەقەکەدا دەبیسترێت، ئەوانیش یەکێکیان ناوە ڕاستەقینەکەی(کاژین)ە. ئەم کارەکتەرە تاقانەی دایک و باوکێکی پزیشکە و بە خۆیشی کۆلیژی پزیشکی تەواو کردووە، بۆ ئەوەی نەبرێت بۆ بەرەکانی شەڕی عێراق و ئێران، لە فەوجی خەفیفە ناوی خۆی تۆمار دەکات. بەڕێکەوت ئەو فوجەی ئەوان بەشداری پرۆسەی ئەنفال دەکات، ئەمیش دەرفەت دەقوازێتەوە و هەڵدێت و دەگاتە خانووی دووەمی ئادەم و ئادەم ڕای دەسپێرێت بە پێشوازیی میوانان. دووەمیان پیاوێکی نێرەمووکە و لەبەر ئەوەی لە سەرەتادا وەک چۆلەکە بەترسەوە نانی خواردووە، ئادەم ناوی لێناوە، پاساری.

کاتێ مەردۆخ لە دەست شەڕی ناوخۆ هەڵدێت وەک پێشتر باسمان کرد، دەگاتە گوندێک و شەو دەبێتە میوانی ماڵی حاجی تەقی، لەوێ بەناوی (هیوا) خۆی بەوان دەناسێنێت. ئەم کارەکتەرە زانکۆی تەواو کردووە و شاعیرە، کە ئەو گوندە جێدەهێڵێت و دەگاتە خانووی دووەمی ئادەم، هەر بەو ناوە خۆی بەوان دەناسێنێت، کەچی ئەوان بڕوا بەوە ناکەن ئەم کارەکتەرە ناوی مەردۆخ بێت. لە کۆتاییەکانی ڕۆمانەکەدا ئەمیش ناوی خۆی دەگۆڕێت بۆ ئادەم.

یەکێک لە کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە ناوی (زۆزان)ە و کچی حاجی تەقییە. ئەم کچە لە شەوی یەکەمی گەیشتنی مەردۆخ بۆ ماڵیان، عاشقی ئەو کوڕە دەبێت و دواییش بۆ دۆزینەوەی ئەو کارەکتەرە، دەکەوێتە دەشت و دەر و دەگاتە خانووی ژنەکان، لەوێ لێی دەپرسن ناوت چییە؟ دەڵێت: ناوم بێڤەرە. پاش ئەوەی خانووی ژنەکان جێدەهێڵێت و دەگاتە خانووی دووەمی ئادەم، لەوێ ناوی خۆی دەگۆڕی بۆ هیوا.

پاش بریندار بوون و مردنی زۆزانی کچی حاجی تەقی لە ئامێزی مەردۆخدا، کچێک، وەک خۆی دەڵێت باوک و هەردوو زڕدایکەکەی کوشتووە و هەڵهاتووە، لەڕێ، لەو دەشتە وێرانە، چاوی بەگۆڕەکەی زۆزان دەکەوێت و دەبینێت لەسەر کێلەکەی ناوی زۆزان هەڵکۆڵراوە، ئەم ناوەی پێ باش دەبێت و دەیکاتە ناوی خۆی، کە دەگاتە لای (مەردۆخ/ ئادەم) دەڵێت ناوم زۆزانە.

شێوازی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا، لەسەر بنەمای گێڕەوەی هەمووشتزان دامەزراوە. گێڕەوە ئاگای لە هەموو بەسەرهات و ڕووداو، ژیانی کارەکتەرەکانە، هیچی لێ شاراوە نییە. ڕابردوو، و ئێستای کارەکتەرەکانی لا ئاشکرایە، دەزانێت ئەوان چییان دەوێ و بیر لە چی دەکەنەوە. لە پرۆسەی گێڕانەوەش دا، جێناوی (ئەو)ی کەسی سێیەمی نادیاری بەکارهێناوە. ئەگەر ڕۆماننووس پابەندبووایە بە گێڕانەوەی زنجیرەیی، واتە گێڕانەوەی یەک لە دوای یەکی ڕووداوەکان، ئەوا ڕۆمانەکە دەبووە ڕۆمانێکی کلاسیکی، بەڵام پەرتکردنی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی ئەو ڕووداوانە وای کردووە دەقەکە بچێتە خانەی ڕۆمانی ڕیالیزمی نوێوە.

ناوی ئەم ڕۆمانە (شەوانی ئادەم)، وەک دەروازەیەکی دەقی لە ئاخاوتنی هەندێ لە کارەکتەرەکان و گێڕەوەشدا ڕەنگی داوەتەوە و بەشێکی زۆری کارەکتەرەکان بە حوکمی دابڕان لە شار و نەبوونی هیچ ئامرازێکی پەیوەندی و بیستن و دیتن، بۆ بەسەربردنی شەوان، ناچاربوونە حیکایەت و بەسەرهات بۆ یەکتر بگێڕنەوە. ئەوەتانێ (ژینۆ/ کاژین) لەم بارەیەوە بۆ مەردۆخ دەدوێ و دەڵێت :

((ئێمە زۆر گوێ بەمەسەلەی تارکی و ڕووناکی نادەین، تا ئەتوانین، شەو بەچیرۆکگێڕانەوە کورت دەکەینەوە، بۆ ئەوەی زۆرترین کاتی ڕووناکی ڕۆژ بکڕینەوە {...}، لێشت ناشارمەوە کاک مەردۆخ ئەم قسەیەی ئەیکەم، ئەوەندە ئاسان نییە،

جاری وەهایە چاو ورکیش لە خەو بگرێت، هەر نایگەیەنێتە سەر کەنارێکی! بڕوات هەبێت، گەلێک شەو بە زەحمەت خەوم لێ ئەکەوێ، ئەوە بەڕێزمان ئادەم خراپتر. بڕوام وایە خۆشت ئەمە باش ئەزانی، هەرکەسێکیش ئەوەنە سەری بە ڕابردوویەوە جەنجاڵ بێت، ئەم ڕاستییەی لە دەست ناترازێت؛ ئەبێ خەو وەک ماسی ڕاوبکەی، تابیگری))(سەلمان: 2015، ل76) .

لەبەر ئەوەی (ئادەم/ وەستا) بەهۆی کەوتنە خوارەوە لە نەردەوانی سەربانی خانووی دووەم، قاچی شکاوە، بۆیە زیاتر لە شەوانی کۆشک لەگەڵ پیاوەکانی ئەوێ و میوانەکاندا، هەر خەریکی حیکایەت گێڕانەوە بووە و لەم بارەیەوە گێڕەوەی هەمووشتزانی دەقەکە، بە جێناوی (ئەو) لەبارەی ئەو کارەکتەرەوە دەڵێت: ((ئادەم لە شەوە بێکۆتاییەکانیدا، کە لە هی هەموو بوونەوەرێکی دونیا درێژترە، چوون حیکایەتخوانێک دەبوو بەردەوام چیرۆک بگێڕێتەوە، وەهاش پێی لەسەر ئەوە دادەگرت، کە پێویست ناکات یادی خۆشی و ناخۆشی بکەینەوە، لەبری ئەوە، باشترە چیرۆکێک بگێڕینەوە، دونیای ئازار و نەهامەتی و ئەڤین و بەختەوەری و بەتایبەتی ئەزموون باس بکات))(سەرچاوەی پێشوو: ل463).

## 2-2: دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەخۆ

لە ڕۆمانی شەوانی ئادەمدا، زیاتر دیالۆگی دەرەکی ڕاستەوخۆ بەکارهاتووە، و کەمتر نووسەری ڕۆمانەکە پەنای بۆ دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆ بردووە، ئەمەش بەو مانایە نایەت، کە ئەم جۆرە دیالۆگە بێ بەهایە و ڕۆڵی نەبێت لە دامەزراندنی لایەنێکی هونەریی دەقەکەدا، بە پێچەوانەوە بووەتە فاکتەرێ بۆ فرە شێوازیی دیالۆگ و ڕوویەکی دیکەی کاری گێڕەوەی دەقەکەمان پیشان دەدات، کە ئەویش گێڕانەوەی بەشێکی ئاخاوتنی کارەکتەرەکانە.
بە گوێرەی خوێندنەوە و پەی بردنی ئێمە، ئەو کارەکتەرانەی ئاخاوتنەکانیان لەڕێی گێڕەوەی هەمووشتزانی دەقەکەوە وەک گێڕانەوە پێشکەشکراون، لەمانە پێکهاتوون: ئادەم/ وەستا، سەکینە، ژینۆ/ کاژین، زۆزانی کچی حاجی تەقی، مەردۆخ، حاجی تەقی، مەلا عەبدولعەزیز. هەندێ لە دیالۆگەکان زۆر سادەن، باسی نانخواردن، چای خواردنەوە و قسەی ئاسایی ڕۆژانە و بەخێرهاتنی میوانن، کەچی هەندێکی تریان پەیوەندی بە ئەنفال و خۆشەویستییەوە هەیە.
وەک جیاکەرەوەیەکی دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆ لە دیالۆگی دەرەکی ڕاستەوخۆ، دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە لە دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆدا، گێڕەوە ئاخاوتنی کارەکتەرەکان بە زمان و شێوازی دەربڕینی خۆی پێشکەش دەکات و پابەند نییە بە ئاستی دەربڕینی زمانی ئاخێوەرەکانەوە، کەچی لە دیالۆگی دەرەکی ڕاستەوخۆدا، گێڕەوە خۆی بەلاوە دەنێ بۆ ئەوەی کارەکتەرەکان بە خۆیان بدوێن، ئەمەش ڕێ دەدات ئەو کارەکتەرانە بە گوێرەی توانای خۆیان زمان لە دەربڕیندا بەکاربهێنن و باسی بابەتەکان بکەن. ئەوەتانێ لەم بارەیەوە گوتراوە: ((جوانیی دیالۆگی دەرەکی لەوەدایە، کە گێڕەوە دەرناکەوێ و لە پشت کارەکتەرەکەوە خۆی دەشارێتەوە، بۆ ئەوەی دەرفەت بە دەرکەوتن و جووڵەی ئازادی ئەو بدات))(عزیز: 2016، ص32). هەروەها دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆ لەناو کەوانەی وەرگرتن دانانرێت و گێڕەوە لە پێشکەشکردنیدا، فەرمانی گوتن لە پێش ئاخاوتنی گێڕراوەی کارەکتەرەکان بەکارناهێنێت. بۆ نموونە لە دیالۆگی دەرەکی ڕاستەوخۆی نێوان ژینۆ/کاژین و مەردۆخدا، کاتێ مەردۆخ دەچێتە گەرماو لە خانووی دووەمی ئادەمدا، ژینۆ لەو دیو دەرگای گەرماوەکەوە لە مەردۆخ دەپرسێت :

))هیچت ناوێ، کاک مەردۆخ؟

ئەویش گوتی:

نەخێر، قوربان، سوپاس لێیبوومەوە و وا خۆم ئەگۆڕم.

ژینۆ پێی وت:

کاک مەردۆخ، جلی پاکم بۆت هێناوە، فەرموو لێمی وەربگرە، ئەو جلانەی خۆت بۆ شۆردن جێ بهێڵە.

هەر لەو دیو دەرگای گەرماوەکەوە، مەردۆخ گوتی:

پێویست ناکات کاک ژینۆ، ئەوانەی خۆم لەبەر ئەکەمەوە، هەر ئەبێ بەیانی لەبەری بکەمەوە...))(سەلمان: 2015، ل74-75).

ئەمە نموونەی دیالۆگێکی دەرەکی ڕاستەوخۆی سادەی نێوان دوو کارەکتەرە، کە گێڕەوە بەبێ دەستێوەردان وەکو خۆی، دەقاودەق لەناو کەوانەی وەرگرتنی داناوە و پێش وەرگرتنەکە فەرمانی ( دەپرسێت، گوتی، پێی وت)ی بەکارهێناوە، ئەمەش شێوازی پێشکەشکردنی دیالۆگە لە ڕۆمانی کلاسیکیدا و ڕۆماننووس سوودی لێوەرگرتووە. هەر لە درێژەی باسی ئەو چوونە گەرماوەی مەردۆخ دا، ژینۆ/ کاژین، بەو کارەکتەرە دەڵێ هەموو شتێک ئامادەیە بۆ ئەوەی خۆت بشۆی: ئاوی شلەتێن، سابوون، لفکەیەکی نوێ، کە کەس خۆی پێ نەشتووە. لە پاش ئەو ئاخاوتنە ڕاستەوخۆیە، گێڕەوە سەری قسە لە ژینۆ/ کاژین وەردەگرێت و قسەکانی دیکەی لە باتی ئەو تەواو دەکات، بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی وەرگرتن بەکاربهێت. ئێمە لەلایەن خۆمانەوە ئاخاوتنە گێڕراوەکەی ژینۆ و سوپاس و پێ زانینەکەی مەردۆخمان لەناو کەوانە داناوە و ئەمەش قسەکانی ئەوانە وەک ئەوەی گێڕەوەکە بۆمانی گێڕاوەتەوە: ((ژینۆ دەستیشی بۆ ڕەفەیەک درێژکرد، کە خاولی لێ دانرابوو؛ یەکێکیان گەورە و ئەوی تریان بچووکتر بوو، بە مەردۆخی نیشاندا و گوتی، کە ئەو خاولییانە پاکن و کەس بەکاری نەهێناون{...}. مەردۆخ سوپاسی کردو...))(سەرچاوەی پێشوو: ل72-73). لێرەدا گێڕەوە وەک هەمووشتزانێک ڕەفتاری کردووە و ویستوویەتی لە سادە ترین هەلۆیست دا ئامادەیی خوی بنوێنێت، ئەم کردارەش بووەتە هۆی ڕەنگاوڕەنگیی شێوازی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا، کە یەکەمیان شێوازی دیالۆگی دەرەکی ڕاستەوخۆیە و دووەمیان شێوازی دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆیە .

لایەنێکی گرنگی دیالۆگ، لەوانەش دیالۆگی ناڕاستەوخۆ، پێدانی زانیارییە لەسەر کارەکتەرە ئاخێوەرەکان. ئەمەش هاوسۆزی یان ململانێی نێوان ئەوان ئاشکرا دەکات((بڕوانە: بورنوف: 1991، ص168). ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە تەماشای هاوسوزی نێوان حاجی تەقی باوکی زۆزان و مەردۆخ بکەین، دەبنین هۆی هاوسۆزییەکە ئەوەیە، کە بەشێک لە خێزانی هەردوولا بەر شالاوە بەد ناوەکانی ئەنفال کەوتووتن و لەناوچوونە، بە ڕێکەوتیش هەندێکیان دەربازیان بووە. بۆ نموونە، کە شەو موردۆخ لە ماڵی حاجی تەقی دەمێنێتەوە، و بە ناوی (هیوا) خۆی بەوان دەناسێنێت، حاجی لە هۆکاری هاتنی ئەو کوڕە بۆ ئەو گوندە لەو دۆخە سەختەی برا کوژیدا دەپرسێت، ئەویش دەڵێ خوشک و براکانی بەر ئەنفال کەتوون و ئەمیش وەک تاقانەی دایکی نەیویستووە ببێتە سووتەمەنی ئاگری شەڕی براکوژی، بۆیە ماڵی خۆیانی بەجێهێشتووە و بەدوای کارێکدا دەگەڕێت. بە بیستنی ئەم بەسەرهاتە، حاجی دڵی پێ دەسووتێت و هاوسوزیی خۆی پیشان دەدات و زیاتر متمانەی پێ دەکات، چونکە حاجیش بەشێک لە کوڕ و کچ و نەوەکانی بە هەمان شێوە بەر ئەنفال کەوتوون و بەڕێکەوت خۆی و ژن و کچێکی کە لێرە ناوی زۆزانە لە شاربوونە و چوونەتە نەخۆشخانە بۆ وەرگرتنی چارەسەر، بە هۆی ئەو ڕێکەوتەوە ئەمان نەکەتوونەتە چنگی ئەنفالچییەکان. گێڕەوە ئەم قسانەی حاجی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ((کە وادەی حاجیش هات، ئەمیش کەوتە باسکردن. بۆی گێڕایەوە کە بێجگە لەم کچەی، کە ناوی بە زۆزان برد، هەرسێ کوڕەکەی و دوو کچی تری بە ماڵ و منداڵەوە بەر ڕەشەگیری کەتوون. حاجی تەقی تێشی گەیاند، کە هەر بۆیە بڕوا بە چیرۆکی کەسوکاری ئەویش دەکات، چونکوو خۆشی وەهای بەسەرهاتووە. ئەمانیش، خۆی و ژنەکەی و ئەم کچەی، کە ئەو کاتە بچووکتربوو، چووبوون بۆ نەخۆشخانەی شارۆچکەیەکی نزیک، هەر بۆیە بەر نەکەتوون))(سەلمان: 2015، ل395-396). ڕۆژی دواتر، حاجی تەقی لە سۆنگەی هاوسۆزی و هاوکارییەوە، مەردۆخ دەباتە لای مەلا عەبدولعەزیز، کە مەلای گوندەکەیانە بۆ ئەوەی ئەم کارەکتەرە بکاتە بانگدەری مزگەوتی ئەو گوندە، چونکە بانگدەرەکەیان چووبوو بۆ ئەوەی بەشداری شەڕی ناوخۆ بکات. لەم نموونە و نموونەکەی پێشوودا، دەبینین لە گێڕانەوەی قسەکانی حاجی تەقیدا، گێڕەوە جێناوی (ئەو)ی تاکی نادیاری بەکارهێناوە و بەبەکارهێنانی نازناوی حاجی ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە ئەو قسانەی لە زاری ئەوەوە گێڕاوەتەوە. لایەنی گرنگی ئەم دیالۆگە ئەوەیە، کە زانیاری لەسەر ڕابردووی ژیانی کارەکتەرەکان بە خوێنەر دەدات، هەروەها زانیاری دەربارەی شوێن و ڕووداو ڕادەگەیەنێت و ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە چۆن شوێن و کات دەبنە سەرچاوە بۆ دروست بوونی ڕووداو و دیالۆگ، کەواتە ((شوێن ئەو جێگە یان ئەو ژینگەیە، کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات، هەروەها بەشێکی کارایە لە ڕووداودا. هەر ڕووداوێک شوێنێکی تایبەتی دەوێت، چونکە بەخۆی هۆکاری هەموو ئەوانەیە، کە کارەکتەر دەیکات، وەک جووڵە و چالاکییەکانی لەناو بەرهەمی ئەدەبیدا، هەروەها جۆری کارەکتەرەکان و شێوازی بیرکردنەوەیان دیاری دەکات)) (عزیزي: 2015-2016، ص35). لە پاڵ ڕووداودا، شوێن، هۆکارە بۆ دامەزراندنی دیالۆگ

و دیاریکردنی بابەتی ئاخاوتنی کارەکتەرەکان، بۆیە زۆر پێویستە لە باسی کارەکتەر و ژینگەی ژیانی ئەوان دا، بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ئەو شوین و ژینگەیە لەگەڵ دیالۆگی ئەوان دا بگەڕێین. لەبەر ئەوەی لێرەدا و لە زۆر شوێنی دیکەی ناو ئەم ڕۆمانە، شوێنی ژیانی کارەکتەرەکان، گۆڕپانی جەنگ و بەتایبەتی ئەنفال و شەڕی ناخۆ بووە، بۆیە دەبینین بەشێکی زۆری دیالۆگی کارەکتەرەکان لە بارەی ئەو ڕووداوانەوەیە. ئەو دیالۆگە دەرەکی ناڕاستەوخۆیەی نێوان حاجی تەقی و مەردۆخ، کە لێرەدا ناوی خۆی کردووەتە (هیوا)، باسی بەسەرهاتی ئەنفال دەکات. ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە چۆن شوێن و کات بوونەتە هۆکاری دروست بوونی ئەو ئاخاوتنە. لە لایەکی دیکەوە زانیاریی گرنگ دەربارەی کەسەکانی نێو شوێن ئاشکرا دەکات و لە کێشە قووڵەکانی ئەوان دەدوێت. لێرەدا شوێن دوو کارەکتەری کۆکردووەتەوە، هەر شوێنیش سەرچاوەبووە بۆ ئەوەی ئەوان لە بارەی خەم و ژان و مەینەتییەکانی خۆیانەوە گفتوگۆ بکەن. ئەو دیالۆگەش، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەلایەن گێڕەوەی هەمووشتزانی ڕۆمانکەوە گێڕراوەتەوە، ئەوە دەسەلمێنێ، کە دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕووی هونەری و پێدانی زانیاری لەسەر کارەکتەر و ڕووداوەکان، لە دیالۆگی دەرەکی ڕاستەوخۆ ڕۆڵ و بەهای کەمترنییە.

گرنگترین سەرکەتن لە ڕۆمان دا ئەوەیە ڕۆماننووس هزری خۆی بەسەر کارەکتەرەکاندا نەسەپێنێت، کارێکی وانەکات بەهۆی دەسەڵاتی ڕەهای خۆیەوە کارەکتەرەکانی تووشی تەنگە نەفەسی بکات، بەوەیان باربکات، کە توانای هەڵگرتنی نەبن. شێوازی نووسینی ڕۆمان، بە شێوەیەکی بابەتی، یان خودی، یاخود گێڕانەوەی ڕووداو بە شێوەی پانۆرامی، یان درامی، هەروەها بەکارهێنانی گۆشەنیگای هەمووشتزان، یاخود هەمانشتزان و کەمشتزان، ئەمانە پێوەری یەکلاکەرەوەی سەرکەوتنی ڕۆماننووس نین، بە ئەندازەی ئەوەی ڕۆماننووس دەرفەت بە کارەکتەرەکانی بدات ئازادانە بیر بکەنەوە و وەکو خۆیان بدوێن، بۆچوونی جیاوازیان لەسەر بابەت و ڕووداوەکان هەبێت. بەیان سەلمان، لەم ڕۆمانەدا کاری بۆ ئەوە نەکردووە ئایدیای خۆی، ڕوانینی بۆ کارەکتەر و ڕووداوەکان، لە ژێر چاودێری و دەسەڵاتێکی بێ سنوور و خۆسەپێنی خۆی دا بێت. ڕاستە هەموو ڕۆماننووسێک، لە هەر ڕۆمانێکدا، پەیامێکی هەیە، ئەم ڕۆماننووسەش لەم ڕۆمانەدا پەیامی خۆی هەیە، بەڵام لە کۆی گشتیی دەقەکەدا ئەو پەیامە خۆی نواندووە، ئەگەرچی گێڕەوەی ڕۆمانەکەی هەمووشتزانە و ئاگای لە ورد و درشتی ژیانی کارەکتەرەکانە.

ئەم ڕۆماننووسە، کە باسی خاک و مرۆڤ دەکات، بەوپەڕی خۆڕسکانەوە، دوور لە بانگەشەکردن بۆ ئایدیۆلۆژیای تایبەتی خۆی، ڕێیداوە کارەکتەرەکان بە شێوەیەکی سادە و ڕاستگۆیانە باسی خاک و خۆشەویستیی خاک بکەن، ئەگەرچی بەهۆی ئەو خاکەوە تووشی تراژیای گەورە بوونە. یەک لەو تراژیدیا گەورانەش، کارەساتی ئەنفال بووە. لەناو ژانی ئەو کارەساتەدا کارەکتەرەکان خۆشەویستیی خاکیان لەبیر نەچووە. ئەو گوندەی ماڵی حاجی تەقی لێی دەژین، چەندین جار ڕووخێنراوە و دواجاریش بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتووە و ئەوەی لە خەڵکی ئەوێ ماون بەرەو ئۆردوگای زۆرەملێ ڕاپێچکراون بۆ ئەوەی لە ڕەگ و ڕیشەی خۆیان داببڕێن و جارێکی دیکە ڕوو لەو گوندە نەکەنەوە، کەچی دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991) و ئازادکردنی بەشێک لە خاکی باشووری کوردستان، کە دواتر پەرلەمان و حکوومەتی هەریمی لەسەر دامەزا، خەڵکی بەشێک لە گوندەکان لەوانەش خەڵکی ئەو گوندەی ماڵی حاجی تەقی لێی دەژین، دەگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان و جارێکی دیکە ئاوەدانی دەکەنەوە. هەموو ئەوەی باسمان کرد، زۆر بە سادەیی لەڕێی دیالۆگێکی ناڕاستەوخۆی حاجی تەقییەوە بۆ مەردۆخ باسکراوە و گێڕەوەی ڕۆمانەکە بۆمانی گێڕاوەتەوە بێ ئەوەی ڕۆماننووس بە ڕاشکاوی ئاماژە بە ڕاپەڕین و دامەزراندنی دامودەزگاکانی هەرێم بکات، ئەمەش دەقی نەگوتراوی پێ دەگوترێت و خوێنەر لە قسەکانی حاجی تەقییەوە هەڵدەهێنجێ، بەڵام بە پشت بەستن بە زانیارییەکانی خۆی. گێڕەوە بەم جۆرە قسەکانی ئەو کارەکتەرەمان بۆ دەگێڕێتەوە: ((بە قسەکردنەوە دەنگی تەزبیحەکەی بە هەردوو دەست لەلایەکەوە بۆ لایەکەی تری دەبرد و دەهێنا. ئەوەی بۆ هیوا ناو ڕوون کردەوە، کە ئەم گوندە شانسی ئەوەی هەبوو، کە خەڵکەکەی زۆر دڵسۆزن بۆ خاکەکەی، پاش هەموو ڕووداوەکانی ڕەشەگیری و ڕووخانی گوندەکان و بە کێشکردنی خەڵک بەرەو ئۆردوگا زۆرەملێکان، دواتر کە دەستیان کرد بە ئاوەدانکردنەوە، ئەمان زوو هاتنەوە، بە ئەوەندە کەسانەی، کە لە پاشماوەی ئەو هەموو کەس و کارانەی لەناوچوون، خۆیان هاتنەوە و دەستیان بەکێڵانی زەوی و پاکردنەوەی وێرانە و دروستکردنی خانووکرد. حاجی وتی، کە

ئەو لە یەکەم کەسەکان بوو، کە هاتەوە ئێرە. ویستوویەتی بۆنی کوڕ و کچەکانی لەیاد نەکات، هیچی ئەوانی نەمابوو، تەنها بۆنیان مابوو، هەر بۆیە دەستی لێرە هەڵنەگرت و بە باشیشی زانی هەر لێرە بە خاکی بسپێرن)) (سەلمان: 2015، ل403).

حاجی تەقی لەم قسانەدا، باسی دوو زەمەنی جیاواز و دوو شوێنی جیاوازی کردووە. زەمەنی یەکەم، زەمەنی ئەنفال و ڕاگواستنە بۆ ئۆردوگا، زەمەنی دووەم، زەمەنی ئێستایە، کە باسی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکەیان دەکات. پەیوەندی نێوان ئەو دوو زەمەن و شوێنە، بووەتە بناغەی نزیک بوونەوەی دەقەکە لە واقیع و باسکردنی نوێ بوونەوەی ژیانە پاش کارەساتی ئەنفال، ئەمەش سیفەتی نەتەوە زیندووەکانی سەر زەمینە، کە کارەسات نایان بەزێنێ و ناچاریان ناکات دەست لە خاک و ڕەگ و ڕیشەی خۆیان هەڵگرن. هەر ئەمەش دووپات کردنەوەی ئەوەیە، کە کات و شوێن پاشکۆی ڕووداوەکان نین، بەڵکو دوو فاکتەری سەرەکی و کاریگەرن لە دیاریکردنی شێوەی جووڵەی کارەکتەرەکانی ڕۆمان دا(بڕوانە: وادي: 1984، ص3) و بیرکردنەوەی ئەوان لە چوارچێوەی ئەو دوو توخمەدا لەدایک دەبن و ڕەنگی ئەوان لە خۆ دەگرن و لە هەمان کاتدا شێوەی ئاخاوتنی ئەوان و بابەتەکانی ژیانیان دیاری دەکەن. نووسەری ئەم ڕۆمانە لەم دیالۆگە دەرەکی ناڕاستەوخۆیەدا، کاری بۆ وێنەکێشانی هەست و سۆز و هزر و جۆری ژیانی ئەو کارەکتەرانە کردووە.

ئامادەبوونی پیاو لە ژیانی ژن و ئامادەیی ژن لە ژیانی پیاودا، هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ لەدایک بوونی دیالۆگ، بەتایبەتی دیالۆگی دەرەکی و لەوانەش دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆ، و دروست بوونی جووڵەی کارەکتەر و سەرهەڵدانی واتای نوێ لە دەقی ڕۆماندا. لەبارەی کاریگەری و ڕۆڵی ئەویتر لە ڕۆمانی ژنان دا، گوتراوە: (( ئەوی تر لە ڕۆمانی ژناندا، گێڕانەوەکە لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتییەوە بە چڕی بارگاوی دەکات، هەروەها جووڵەی گێڕانەوەکە بەرەو گۆڕان و کارلێک دەبات بە مەبەستی بەرهەمهێنانی کۆمەڵێ واتای نوێ، کە پرۆسەی گێڕانەوەکە دەوڵەمەند و فرە ڕیتم دەکات{...}، بەمەش یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سەیر واتاکان باڵابن)) (بن السائح: 2012، ص156).

ژن ڕۆڵێکی گرنگ لەم ڕۆمانەدا دەگێڕێت، بەتایبەتی لە ژیانی ئادەمدا. ئەم کارەکتەرە، کە لە شوێنێکی دوورە دەست خانووی یەکەمی دروست دەکات، خۆی سەرقاڵی کێڵان و پەلەوەر بەخێوکردن دەکات بۆ ئەوەی تەنیایی خۆی لەبیر بکات. ئەوەی پەیوەندی بە ژنەوە هەبێت، ئەم فەرامۆشی دەکات تا ئەو کاتەی لە ناکاو لە ئێوارەیەکی درەنگ وەخت دا، کە تاریکی داهاتبوو، شەش ژن دەگەنە ماڵەکەی. لە یەکەم ساتەوە عاشقی یەکێکیان دەبێت، کە ناوی سەکینەیە و دایکی دوو کچە بەناوەکانی (ویژدان و ئەفسانە). ئەم کارەکتەرە بێ شەرم و ڕاستەوخۆ عەشقی خۆی بۆ ئەو ژنە ڕادەگەیەنێت و لەڕێی دیالۆگێکی دەرەکی ڕاستەوخۆوە لە پێش ژنەکان دا باسی ئەو عاشق بوونەی خۆی دەکات و پاشان ژنەکان لەیەک کات دا بەزەییان پێدا دێتەوە و هەروەها سەرسام دەبن بەکەسایەتی ئەم کارەکتەرە و لە نێو خۆیان دا پێکەوە، بە دیالۆگێکی دەرەکی ناڕاستەوخۆ، کە گێڕەوە بۆمانی دەگێڕێتەوە، ئەو بەزەیی و سەرسامییەی خۆیان دەر دەبڕن و گێڕەوە دەڵێت: ((ژنەکانیش بێنقە لەیەک کاتتا بەزەیی و سەرسامییان لەلا تێکەڵ ببوو، هەریەکە لەلای خۆیەوە گوتی، کە ئەم پیاوە تەنها کەسێک نییە، ئەمە کەسانێکە لە کەسێکی تایبەتدا)) (سەلمان: 2015، ل373). ئەم دیالۆگە گێڕراوەیە، جەخت کردنەوەیە لەسەر ئەوەی، کە ژن چەند بایەخی لە ژیانی ڕۆحیی پیاودا هەیە، هەروەها هەست و سۆزی ئافرەت بەرانبەر بە پیاو ئاشکرا دەکات، لەڕووی زمانیشەوە، تایبەتمەندیی زمان و هەستی ژنانەی ئەوان دەخاتە ڕوو.

لەبەر ئەوەی عادەتەن کەرەستەی سەفەر و گەشتکردن لە لایەن ژنەوە ئامادە دەکرێت، دەبینین ئەو ژنانەش، کە بۆ سەردانی دەزگیرانی کچەکان(ئەفسانە و ڕەهێڵە و بەفرین) دەچوون، کە لە گوندێکی دوور لە شار دەژیان، تەواوی پێداویستییەکانی سەفەریان لەگەڵ خۆیان دا هەڵگرتبوو، لەبەر ئەوەی ئەو گوندە بەر شاڵاوی ئەنفال دەکەوێ و ئەمانیش ڕێی گەڕانەوەیان بۆ شار لێدەگیرێ، و بۆ ئەوەی نەکەونە دەست ئەنفالچییەکان، لە ترسا ڕوو لە چیا سەختەکان دەکەن و پاش ماندووبوونێکی زۆر، ئێوارەیەکی درەنگ دەگەنە خانووی یەکەمی ئادەم. ئەم خانەخوێیە داوای لێبوردنیان لێدەکات، چونکە لەو کاتەدا هیچ خواردنێکی نییە بیانداتێ، جگە لە هەندێ نانی تیری. سەکینەش دڵنیای دەکاتەوە، کە ئەمان هەموو شتێکیان لەگەڵ خۆیان دا هێناوە. ئەو قسانەی سەکینە لەم بارەیەوە گوتوویەتی، گێڕەوە بە دیالۆگێکی ناڕاستەوخۆ، بەبێ کەوانەی وەرگرتن بۆ خوێنەری گێڕاوەتەوە و دەڵێت: ((سەکینەش دڵنەوایی کرد، کە پێویستیان بە خواردن نییە، هەموو

شتێکیان پێیە، تەنانەت نان و دەرمان و حەب و لۆکە و دەرزی و جەگەرەشیان پێیە)) (سەرچاوە پێشوو:ل338).

دیاردەیەکی سەرنجراکێشی ئەم ڕۆمانە ئەوەیە، کە هەندێ جار پاش دیالۆگی دەرەکی ڕاستەوخۆی کارەکتەرەکان، کە پەیوەندی بەبابەتێکی دیاریکراوەوە هەیە، ڕاستەوخۆ ڕۆماننووس دیالۆگێ یان بەشێک لە دیالۆگی ئەوان دەگۆڕێ بۆ ناڕاستەوخۆ، و لەڕێی گێڕەوەی دەقەکەوە دەیگێڕێتەوە. بۆ نموونە لە شەوی یەکەمی گەیشتنی ژنەکان بۆ خانووی یەکەمی ئادەم، ئەم جۆرە لە شێوازی دیالۆگی ڕاستەوخۆ، و ناڕاستەوخۆیە بەرچاو دەکەوێ. سەرەتا ئادەم و سەکینە بە شێوازی دیالۆگی دەرەکی ڕاستەخۆ پێکەوە دەدوێن و پاشان گێڕەوە قسەکانی مەندان لەگەڵ ئادەم و ئادەم لەگەڵ ئەوان دا بە شێوازی دیالۆگی ناڕاستەوخۆ دەگێڕێتەوە. ئادەم هەڵدەستێ و دەچێ چایەک لێ بنێت، بەدەم ڕۆیشتنەوە بە ژنەکان دەڵێت:

))پێم بڵێن وەستا.

بە مەزەندەی سەکینەش ئەمە تەنها ناوێک بوو و لەو ساتەدا بۆ خۆی هەڵی بژارد. لێی پرسی:

پێت بڵێین کاک وەستا؟ یان هەر وەستا؟

مەندان ڕێی قسەکانی پێ برین و داوای یارمەتی لە وەستاکرد، کە بواریان بدات تۆزێک دەست و دەموچاو و قاچیان بشۆرن و کەمێک لەو خواردنەی پێیانە، بیخۆن. وەستاش داوای بەخشینی لێ کردن، کە بیری بۆلای ئەوە نەچووە. دیسان باسی ئەوەشی کرد، کە بەم ئێوارە درەنگە هیچی وەهای نییە بیانداتێ بیخۆن، بەڵام چاییەکە ئەوەندە نابات)) (سەرچاوەی پێشوو: ل341 .(

بەشی یەکەمی ئەم دیالۆگە، ڕاستەوخۆ لەزاری ئادەم و سەکینەوە وەرگیراوە و دەقاودەق لەناو کەوانەی وەرگرتن دانراوە و بێ دەستکاری، گێڕەوە پێشکەشی کردوون، فەرمانی (گوت) و دەستەواژەی (لێی پرسی) خستووەتە پێش قسەکانی ئەوانەوە، کەچی دوای دووەم نیشانەی پرسیار، قسەکانی مەندان لەگەڵ ئادەم و قسەکانی ئادەم لەگەڵ ئەوان بە شێوازی ناڕاستەوخۆ گێڕراوەتەوە و بووەتە جۆرێک لە جۆرەکانی دیالۆگی سادەی دەرەکیی ناڕاستەوخۆ .

دیاردەیەکی دیکەی بونیاتنانی دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆ لەم ڕۆمانەدا ئەوەیە، تەواوی دیالۆگی کارەکتەرەکان بەو شێوازە لەلایەن خودی گێڕەوەی هەمووشتزانەوە دەگێڕدرێتەوە، بێ ئەوەی گێڕەوە بوار بدات ئەو کارەکتەرانە بەخۆیان ڕاستەوخۆ قسەکانیان بکەن. بۆ نموونە کاتێ زۆزانی کچی حاجی تەقی، کە لەم قۆناغەدا ناوی خۆی بۆ (بێڤەر) گۆڕیوە، بە جلێکی پیاوانەوە دەگاتە بەر دەرگەی خانووی دووەمی، ئادەم/وەستا، و قژی بە جامانییەکی کۆنی باوکی داپۆشیوە بۆ ئەوەی وابزانن پیاوە، نەک ژن، لە دەرگە دەدات و (ژینۆ/کاژین) دەرگەی لێدەکاتەوە. لەسەرەتای هاتنەکەوە تا دەگەنە ژووری پێشوازی میوانان، کە وێنەیەکی گەورەی سەکینە لەسەر دیوارێکی کێشراوە، هەموو قسەکانی ژینۆ بە شێوازی دیالۆگێکی سادەی دەرەکی ناڕاستەوخۆ لەلایەن گێڕەوەی دەقەکەوە گێڕراوەتەوە. گێڕەوەکە دەڵێت: ((گەیشتە بەر دەرگاکە، بێ سڵکردنەوە، لە دەرگاکەی دا، چەند جارێک دووبارەی کردەوە، جاری دوایی بەتوندی لێی دا، پیاوێکی بەرگ وەنەوشەیی دەرگای لێ کردەوە، بینی کەسێکی گەنجە، داوای لێ کرد ئەگەر ئەم شەو میوان ڕابگرن، ئەویش وەک چاوەڕوانی هاتنی کەسێک بوو‌بێت، فەرمووی لێ کرد، بێڤەریش بە دوایدا چووە ژوورەوە، پیاوە پێشوازی لێ کرد و بە ئاماژەیەکی دەستی، داوای لێ کرد بە ڕێڕەوێکی پانۆبەرین بە دوایدا بچێت {...}. لەسەر ڕێڕەوەکە، لە ئاست ژوورێکدا پیاوە دەرگایەکی کردەوە و خۆی تۆزێک پێش کەوت و فەرمووی لە بێڤەر کرد لە سەر کورسییەکی گەورەی داری سادە، بەرامبەر بە تابلۆیەک دانیشت...)) (سەرچاوەی پێشوو: ل457). لەم دیالۆگە ناڕاستەوخۆیەدا، گێڕانەوە و ئاخاوتنەکانی ژینۆ و زۆزان/بێڤەر تێکەڵی یەک بوونە و تەنیا بە هەندێ دەستەواژەی وەک (داوای لی کرد، فەرمووی لێ کرد) قسەی کارەکتەرەکان دەناسرێنەوە.

لە شوێنێکی دیکەدا، هەمان دیاردە دووبارەبووەتەوە، واتە گێڕەوە بە شێوازی دربڕینی خۆی، ئاخاوتنی کارەکتەرەکە دەکاتە بەشێک لە گێڕانەوە. بۆ نموونە پێش ئەوەی، ژینۆ/کاژین، زۆزان/بێڤەر، کە بۆ یەکتر ناسین لەم شوێنە ناوی خۆی بۆ (هیوا) دەگۆڕێ، بۆ لای ئادەم بەرێ، زانیارییەکی باش لە بارەی ئەو کچەوە بە ئادەم دەدات. ئەو قسانەی ژینۆ بە شێوازی دیالۆکی دەرەکی ناڕاستەوخۆ، بەبێ کەوانەی وەرگرتن و فەرمانی گوتن کە نیشانەن بۆ دیالۆگی دەرەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن گێڕەوەوە خراوەتە نێو دەقی ڕۆمانەکەوە. گێڕەوە دەڵێت: ((پێشتر ژینۆ ئەو تێبینییەی دابوو پێی، کە

ئەمە کچە دەشتەکییەکی دەستەمۆکراو نییە، هەلومەرجی جێگۆڕکێ وای لێ کردووە، حیساب بۆ هەموو قسەکانی بکات. لە هەمووشی گرنگتر، ئەم کچە خاڵێکی تێدایە، ئەوەش نەبەزییەتی، لەکەس ناترسێ. کچێکی گەنج بگاتە شوێنێکی وەک ئێرە، ئەمە گاڵتە نییە! )) (سەرچاوەی پێشوو: ل485). ئەم دیالۆگە دەچێتە خانەی دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆی لێکدراوەوە. لێرەدا وەسف و گێڕانەوە و شیکردنەوە، ئاوێتەی یەک بوونە. ئەم جۆرە دیالۆگە ((بە هێواشی لە نێوان گفتوگۆکاران دا دادەمەزرێ بۆ ئەوەی مەبەستی گفتوگۆیەکە ڕوون بکاتەوە و لە شتەکان ڕابمێنێ. لەم جۆرەدا توانای وەسفکردنێکی قووڵ و پیشاندانی بۆچوون، و دیاریکردنی گۆشەنیگایەکی ڕوون، یان گوزارشتکردن لە هەڵوێستێک، یاخود پابەندبوون، یان ڕەتکردنەوە هەیە. گفتوگۆ لەگەڵکراودا، ئەم جۆرە دیالۆگە بە زەینێکی ڕوون و زیندوو شیدەکاتەوە. دیالۆگی لێکدراو لە واقیعی ئەزموونکراودا، لە دوو توانای سەرەکی لێکدراوە، کە ئەوانیش(توانای وەسفی و شیکارییە)، کە بوونەتە هۆکاری ئەوەی ئەم دیالۆگە ببێتە هەڵگری سیمایەکی لێکدراو...)) (ذنون: 2014، التشكيل السردي الحواري, قراءة في قصص تحسين كرمياني، ص51). ئەگەر لە ڕوانگەی ئەم پێناسەوە تەماشای ئەو دیالۆگە گێڕراوەی، ژینۆ/کاژین، بکەین، کە بریتییە لە پێدانی زانیاری لەبارەی زۆزانی کچی حاجی تەقییەوە، دەبینین زانیارییەکان لە پاڵ وشە و دەستەواژە وەسفییەکان دا، ڕۆڵی ئەوەیان گێڕاوە، وێنەی کەسایەتی ئەو کچە بۆ ئادەم/وەستا بکێشن و بەرچاو ڕوونییەکی باشیان پێداوە. ژینۆ لە وەسفەکان دا، ئەوەی بۆ ئادەم ئاشکراکردووە، کە زۆزان کچێکی سادەی دەستەمۆکراو نییە، ئەگەرچی گەنجە، بەڵام کچێکی نەبەز و نەترسە. ڕووداوەکانی ژیانی پێشووی، وەک گواستنەوە لە گوندەوە بۆ ئۆردوگا، و پاشان گەڕانەوە بۆ گوند، ئەمانە ڕۆڵیان هەبووە لەوەی، کە کەسایەتییەکی وریا و چاوکراوەی لێ دروست ببێت و حیساب بۆ هەموو قسەیەکی خۆی بکات. لەم دیالۆگەدا وەسف و شیکردنەوە و گێڕانەوە، گۆشەنیگایەکی تایبەتی لای ژینۆ دەربارەی ئەو کارەکتەرە گەنجە دامەزراندووە. ئەو وەسفەی ژینۆ، ئەگەرچی وەسفێکی (دەرەکی- بابەتییە)، لە هەمان کات دا بەوەسفێکی شیکاری وردی کەسایەتی دەرەوە و ناوەوەی ئەو کچە دادەنرێ.

### ئەنجام :

لە خویندنەوەمان بۆ ڕۆمانی (شەوانی ئادەم) و شیکردنەوەمان بۆ بونیاتی دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆی کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە، بۆمان دەرکەوت:

-لە چاو دیالۆگی دەرەکی ڕاستەوخۆدا، دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆ کەمترین ڕێژەی لە کۆی دەقەکەدا بەرکەوتووە.

-دیالۆگی درەکی ناڕاستەوخۆ لەم ڕۆمانەدا، دابەش دەبێ بەسەر دوو جۆردا، کە ئەوانیش دیالۆگی سادە و دیالۆگی لێکدراوە.

-لە هەندێ شوێن دا، تەواوی دیالۆگی دەرەکی کارەکتەرەکان بە شێوازی ناڕاستەوخۆ لە لایەن گێڕەوەی هەمووشتزانەوە پێشکەشکراون .

-لە هەندێ شوێن دا، ڕۆماننووس بەشیکی دیالۆگی دەرەکی کارەکتەرەکان، کە پەیوەندی بە بابەتێکی دیاریکراوەوە هەیە، بەشێوازی ڕاستەوخۆ نووسیوە، کەچی بەشێکی دیکەی هەمان دیالۆگی ئەوانی بە شێوەی ناڕاستەوخۆ پێشکەشکردووە.

-لە دامەزراندن و پێشکەشکردنی دیالۆگە دەرەکی ناڕاستەوخۆیەکان دا، پێش گوتنی کارەکتەرەکان، نیشانەکانی وەرگرتن وەک فەرمانی گوتن، یان کەوانە دانەنراوە، کەچی لەکاتی گێڕانەوەی ئەو دیالۆگانەدا، دەبنین ڕۆماننووس لەناو قسەکانی گێڕەوەکەی دا بۆ ئاماژەکردن بە ناواخنی ئاخاوتنەکانی ئەوان، فەرمانی گوتن وەک (گوتی، فەرمووی، پێی وت، گوتیان)ی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی ناواخنی قسەی کارەکتەرەکان بناسرێنەوە و لە قسەکانی گێڕەوەکە جیا ببنەوە. لەگەڵ ئەوەش دا، تایبەتمەندیی زمانی کارەکتەرەکان لەناو زمانی گێڕەوەکەدا بزر دەبێت.

-نووسەری ئەم ڕۆمانە هەوڵی نەداوە هزری خۆی بەسەر کارەکتەرەکان دا بسەپێنی و ئەمەش لە کۆی دیالۆگی کارەکتەرەکان دا دیارە، کە دیالۆگی دەرەکی ناڕاستەوخۆی ئەوان یەکێکە لە باشترین بەڵگەکانی ئەم بۆچوونەمان.

-بەهۆی دەستێوەردانەکانی گێڕەوەی هەمووشتزانەوە، کە دیالۆگە درەکی ناڕاستەوخۆیەکان بە شێوازی زمان و دەربڕینی خۆی گێڕاوەتەوە، ئەو دیالۆگانە ڕۆڵیان لە بەرزکردنەوەی ئاستی درامیی دەقی ئەم ڕۆمانەدا نەگێڕاوە. ئەمەش یەکێکە لە

خەسڵەتە جیاکەرەوەکانی ئەم جۆرە دیالۆگە لە دیالۆگی دەرەکی و ناوەکیی ڕاستەوخۆی ئەم ڕۆمانە .

-ڕووداوەکانی ئەنفال و شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران، و هەروەها شەڕی ناوخۆ لە نێوان پارت و ڕەوتە سیاسییە جیاوازەکانی باشووری کوردستان، و جێگۆڕکێی کارەکتەرەکان بەهۆی ئەو ڕووداو، و کارەساتانەوە، ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆ، و ناڕاستەخۆی لە شێوازی دەربڕین و ناواخنی دیالۆگە ناڕاستەوخۆیەکانی ئەوان دا دەرکەتووە.

-دیالۆگە دەرەکی ناڕاستەوخۆیەکانی ئەم ڕۆمانە، گەوهەری کەسایەتی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و دەروونیی کارەکتەرەکانی ئاشکرا کردووە و ڕۆڵیان هەبووە لە وێنەکێشانی کەسایەتی دەرەکی و ناوەکیی ئەوان دا .

## لیستی سەرچاوەکان:

### پەرتووک بە زمانی کوردی


-سەلمان، بەیان: 2015، شەوانی ئادەم، ناوەندی ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چ1، سلێمانی.


### ب – پەرتووک بە زمانی عەرەبی:


برنس، جيرالد: 2003، المصطلح السردي، ترجمة: د.عابد خزندار، المشروع القومي للترجة، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة.

بن السائح، الأخضر: 2012، سرد المرأة وفعل الكتابة، دراسة نقدية في السرد وآليات البناء، دار التنوير، الجزائر.

بورنوف، رولان و أوئيلية، ريال: 1991، عالم الرواية، ترجمة: نهاد التكرلي، دار الشؤون الثقافية العامة، ط1، بغداد.

خليل، إبراهيم: 2010، بنية النص الروائي، الدار العربية للعلوم ناشرون/ منشورات الأختلاف، ط1، بيروت/ جزائر.

الدليمي، جميل كريم لفتة: 2014، عبدالمجيد لطفي قاصا، دار الثقافة والنشر الكردية، ط1، بغداد.

ذنون، حازم سالم: 2014، التشكيل السردي الحواري، قراءة في قصص تحسين كرمياني، دار تموز للطباعة والنشر والتوزيع، ط1، دمشق.

رحيم، احمد: 2012، المصطلح السردي في النقد الأدبي العربي الحديث، دار صفاء للنشر والتوزيع/ دار الصادق الثقافية، ط1، عمان – الأردن.

زيتوني، لطيف: 2002، معجم مصطلحات نقد الرواية، مكتبة ناشرون/ دار النهار للنشر، ط1، بيروت.

سويدان، سامي: 2006، المتاهة والتمويه في الرواية العربية، دار الآداب للنشر والتوزيع، ط1، بيروت.

الشامي، حسان رشاد: 1998، المرأة في الرواية الفلسطينية(1965–1985)، اتحاد كتاب العرب، دمشق.

عبيد، محمد صابر و البياتي، سوسن: 2021، معمارية النص الروائي، التعدد الدلالي وتكامل البنيات، الآن ناشرون و موزعون، ط1، عمان– الأردن.

عزيز، بختيار إبراهيم: 2016، الحوار السردي في قصص جليل القيسي، دار تموز للطباعة والنشر والتوزيع، ط1، دمشق.

فاولر، روجر: 1997، اللسانيات والرواية، ترجمة: لحسن أحمامة، دار الثقافة للنشر والتوزيع، ط1، مطبعة النجاح الجديدة، ط1, الدار البيضاء.

كاظم، نجم عبدالله: 2007، مشكلة الحوار في الرواية العربية، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، ط1، اربد– الأردن.

مانغونو، دومينيك: 2008، المصطلحات المفاتيح لتحليل الخطاب، ترجمة: محمد يحياتن، الدار العربية للعلوم ناشرون/ منشورات الأختلاف، ط1، بيروت/ الجزائر.

همفري، روبرت: 1975، تيار الوعي في الرواية الحديثة، ترجمة: محمود الربيعي، دار المعارف، ط2، القاهرة.

وادي، طه: 1984، صورة المرأة في الرواية المعاصرة، دار المعارف، ط3، القاهرة.


### ج- نامەی ماستەر بە زمانی عەرەبی


عزيزي، كنزة: 2015–2016، بنية الحوار في رواية كبرياء وهوى لجين اوستن، قسم اللغة والأدب العربي، كلية الآداب واللغات، جامعة العربي بن مهيدي أم البواقي, الجزائر.


### د- تێزی دکتۆرا بە زمانی عەرەبی


مختاري، فاطمة: 2013–2014، الكتابة النسائية، أسئلة الأختلاف.. وعلامات التحول، مقاربة تحليلية في خصوصية الخطاب الروائي النسائي العربي المعاصر، قسم اللغة العربية وآدابها، كلية الآداب واللغات, جامعة قاصدي مرباح– ورفلة، الجزائر.


### ه- گۆڤاری ئەکادیمی بە زمانی عەرەبی


مليكي، ايمان: 2018، حوارية السرد في الرواية النسوية الجزائرية، رواية عرش معشق لربيعة جلطي نموذجا، مجلة العلوم الإنسانية، المركز الجامعي علي كافي تندوف، العدد(6)، سبتمبر، الجزائر.

## الحوار الخارجي غير المباشر في رواية (ليالي آدم)

**نجم خالد نجم الدين الوني**
قسم اللغة الكردية، كلية اللغات، جامعة صلاح الدين– إربيل،
إقليم كوردستان،العراق
alwaninajm5@gmail.com

**الملخص**
يشكل الحوار مكونا مهما من مكونات الرواية، وله علاقة وطيدة ومباشرة مع الشخصيات الروائية كلها، ويكشف لنا المستوى الثقافي والاجتماعي والوضع النفسي لتلك الكائنات اللغوية .ولأن للحوار أنماط مختلفة ومن تلك الأنماط تتفرع أشكال متعددة، ارتأينا أن نخصص بحثنا هذا لدراسة نمط واحد فقط، وهو يتمثل في (الحوار الخارجي غير المباشر) أو ما يسمى بالحوار المسردن .
ولأجراء هذا البحث اخترنا رواية (شەوانی ئادەم . ليالي آدم) للكاتبة الروائية الكردية (بيان سلمان) لأن هذا النوع من الحوار يشكل خاصية من خواصها الفنية والتعبيرية المهمة وتربطها علاقة وطيدة مع معظم العناصر السردية للرواية، وبالأخص مع العديد من شخصياتها الأساسية والثانوية ويكشف لنا جوهر هذه الشخصيات وثراءها منحيث آراؤها و مواقفها وتحولاتها عبر مراحل تطور الأحداث وتغير أمكنة تحركاتها.
**الكلمات المفتاحيية:** الحوار ، أنماط الحوار ، الحوار الخارجي غير المباشر ، بيان سلمان، ليالي آدم

## Indirect External Dialogue in Bayan Salman’s Adam Nights

**Najm Khalid Najmuldeen Alweni**
Department of Kurdish, College of Languages, Salahaddin
University -Erbil,Kurdistan Region,Iraq
alwaninajm5@gmail.com

**Abstract**
Dialogue constitutes an important component of the novel, has a close and direct relationship with all the novel characters, and reveals to us the cultural and social level and psychological status of those linguistic beings.
Because dialogue has different styles and many forms branch out from these styles, we decided to devote this research to studying only one style, which is represented by (indirect external dialogue) or what is called narrative dialogue.
To conduct this research, we chose the novel (Shawani Adam - Adam’s Nights) by the Kurdish novelist (Bayan Salman) because this type of dialogue constitutes one of its important artistic and expressive properties and has a close relationship with most of the narrative elements of the novel, especially with many of its main characters. It is secondary and reveals the essence to us These characters and their richness in terms of their opinions, positions, and transformations through the stages of development of events and the changing locations of their movements.
**Keyword**: Dialogue, Type of dialogues, Indirect external dialogue, Bayan Salman, Adam Nights

.